# بنیاتی قووڵی دەق لە شیعری مەولەویدا لە ڕوانگەی خوێنەرەوە

پ.ی.د. ڕێبوار محمد اسماعیل
زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/١٠/١٢ ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٠٦/٢٢

**پوختە**

ئەم ناونیشانەی سەرەوە توێژینەوەیەکە، لەسەر بنیاتی قووڵ و ئاستی شیعرەکانی مەولەوی، بە جۆرێک کە لە بەرامبەر خوێنەر و جۆرەکانی خوێنەردا چۆن خۆی دەنوێنێت.

توانای مەعریفی و هونەریی شاعیر کاریگەری بەسەر بنیاتی شیعر و ئاستی دەقەوە هەیە، بوونی دەقیش بە پێی قووڵی بنیاتی هزریی و هونەری، چەمکێکی نوێ دێنێتە ناو پرۆسەکەوە، کە بریتییە لە جۆری خوێنەر و ئاستی خوێنەرەکە. زۆرجار بە هۆی ناتەریب بوونی ئاستەکانی دەق و ئاستی خوێنەر، خوێندنەوە هیچ بەرهەمێکی نابێت، لە ڕوانگەی تیۆری وەڵامدانەوەی وەرگریشەوە خوێندنەوە دەبێت لێکەوتەی تری بەدوا دابێت و دەقی نوێ بەرهەم بهێنێت، بۆیە ئەو دەقەی خاوەنی بنیاتێکی قووڵن پێویستیان بە خوێنەری ئاست باڵا و شارەزا هەیە، بۆ ئەوەی دەقەکان لێکبداتەوە و کێشەی ناتەریب بوونی ئاستەکان چارەسەر بکات.

بەشێوەیەکی گشتی لێرەدا ئاماژە بە شیعری مەولەوی کراوە وەکو دەقی ئاست باڵا، کە لەلایەن خوێنەری شارەزاوە کاری لەسەر کراوە بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بە خوێنەری ئاسایی بگات. ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا بە شێوەیەکی تیۆری باس لە بنیاتی دەقی ئەدەبی و ئاست و جۆرەکانی دەق و جۆرەکانی خوێنەر و ئامرازەکانی تێگەیشتن لە دەقی شیعری دەکرێت. لە بەشی دووەمدا باس لە تایبەتمەندی بنیاتی قووڵی دەقی شیعری مەولەوی دەکرێت، ئینجا خوێندنەوەی بنیاتی قووڵی شیعری مەولەوی لەلایەن خوێنەری شارەزاوە دەخرێتە بەرباس و دواتر باس لە ڕێگەکانی تێگەیشتنی خوێنەری ئاسایی دەکرێت لە شیعری مەولەویدا. لە ئەنجامدا ئەوە خراوەتەڕوو کە خوێنەری ئاسایی لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەمداری خوێنەری شارەزاوە دەستی بە بۆشاییەکانی دەقەکان دەگات. لە کۆتاییشدا ئاماژە بە سەرچاوەکان کراون.

کلیلە وشەکان: بنیاتی دەق، خوێنەری شارەزا، لێکدانەوە، دەقی قووڵ، خوێنەری ئاسایی.

**ملخص**

يركز هذا البحث على عمق النص ومستوى أشعار مولوي، بحيث يجد نفسه أمام القارئ وأنواع القراء. يجد الأدب نفسه في مثلث (الشاعر – النص – القارئ) حيث تؤثر مهارات الشاعر وخلفيته المعرفية والفنية على طبيعة النص ومكونات الشعر وبنية النص ومستواه وهو نوع القارئ ومستوى القارئ . في كثير من الأحيان، وبسبب عدم التطابق بين مستويات النص ومستوى القارئ، لا تكون القراءة منتجة، ومن وجهة نظر نظرية استجابة المتلقي، فإن القراءة يجب أن يكون لها عواقب أخرى وتنتج قراءة وفهم جديد لتفسير النصوص وحل المشكلة. من المستويات.

في هذه الدراسة، يُشار إلى الشعر مولوي عمومًا على أنه نص رفيع المستوى، تم العمل عليه من قبل قراء خبراء من أجل الوصول إلى القارئ العادي. يتكون هذا البحث من جزأين رئيسيين، يتناول الجزء الأول نظريا بنية النصوص الأدبية، ومستويات النصوص وأنواعها، وأنواع القراء، وأدوات فهم النصوص الشعرية. ويناقش الجزء الثاني خصائص البنية العميقة للنص الشعري مولوي، ثم تتم مناقشة قراءة البنية العميقة لشعر مولوي من قبل قارئ خبير ومن ثم يتم مناقشة طرق فهم القارئ العادي في شعر مولوي. ونتيجة لذلك فقد تبين أن القارئ العادي يصل إلى الفجوات الموجودة في النصوص من خلال القراءة المثمرة للقارئ الخبير. وأخيرا، تم إدراج المصادر بالأبجدية العربية واللاتينية.

**الكلمات المفتاحية:** بنية النص، القارئ الخبير، التفسير، النص العميق، القارئ العادي

**پێشەکی**

ئەم ناونیشانەی سەرەوە، توێژینەوەیەکە لەسەر (بنیاتی قووڵی دەق لە شیعری مەولەویدا لە ڕوانگەی خوێنەرەوە)، لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەخت لە بنیاتی دەقی قووڵ و دەقی ڕاڤەیی دەکرێت، واتە ئەو دەقە شیعرانەی، کە خاوەنی ئاستێکی باڵان و پێویستیان بە ڕاڤەکاری هەیە لەگەڵ دەقی لێکۆڵینەوەیی، کە خۆی لەو تێگەیشتن و خوێندنەوە نوێیەی خوێنەردا دەبینێتەوە، کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقی قووڵەوە بەرهەمهاتووە لەلایەن خوێنەری شارەزاوە، کە بەهۆیەوە خوێنەری ئاسایی دەتوانێت لە بنیاتی قووڵی دەقەکان بگات. لێرەدا (قووڵی دەق) خۆی لە دەقی ئاست باڵادا دەبینێتەوە، کە پێکهاتەی بنیاتەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ دەقێکی ئاست ئاسایی یان ئاست نزمدا.

sjh@univsul.edu.iq

شیعری مەولەوی لەسەر بنەمای تیۆری دەقییەتی و پێوەرە هزری و هونەرییەکان و شیعرییەتی دەقەوە، ئاستێکی باڵا و بنیاتێکی قووڵیان هەیە، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە شێوەیەکی گشتی پێوەر و بنیات و خاسییەتەکانی قووڵی دەق دەخرێتەڕوو. بە شێوەیەکی تایبەتی لە شیعری مەولەویدا ئەم ئاست و بنیاتە قووڵەی دەق و میکانیزمی گەیشتن بە بنیاتی قووڵی دەق دەخرێتەڕوو. لێرەدا لە ڕوانگەی هاوکێشەی سێ جەمسەرەکەی ئەدەبەوە کە خۆی لە (شاعیر، دەق، خوێنەر)دەبینێتەوە، لە دەقبوون و ئاستی دەق دەڕوانرێت، بەجۆرێک دەقی ئاست باڵا، کە ئاستێکی بەرزی مەعریفی و ئیستاتیکی و بنیاتێکی قووڵی هەیە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاستی جەمسەر یەکەمەوە هەیە، کە خۆی لە ئاستی شاعیردا دەبینێتەوە، بۆیە بۆتێگەیشتن و بەرهەمهێنانەوەی مانا و دەلالەتی نوێ لە دەقەکەدا بەپێی تیۆری وەرگرتن پێویستیشمان بە وەرگرێکی ئاست باڵا دەبێت، کە ئەویش خۆی لە خوێنەری شارەزا دەبینێتەوە. مەولەوی وەک جەمسەری یەکەم کە شاعیرێکە و خاوەنی ئاستێکی باڵایە شیعرەکانیشی وەک جەمسەری دووەم بنیاتێکی قووڵ و ئاستێکی باڵایان هەیە، بۆیە پێویستی بە وەرگری ئاست بەرز و خوێنەری شارەزا هەیە، چونکە بۆ ئەم جۆرە شیعرانەی مەولەوی، کە خاوەنی بنیاتێکی قووڵە، وەرگری ئاسایی ناتوانێت ڕاستەوخۆ و بەبێ بەکارهێنانی هۆکاری تر بگاتە ئاستی دەقەکە و لە قووڵی دەقەکە تێبگات، لەم دۆخەدا خوێنەر و وەرگری شارەزا دێت خوێندنەوە بۆ دەقەکە دەکات لە ڕێگەی (ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن، شیکردنەوە، لێکدانەوە) بنیاتی شاراوەی دەقەکە دەخاتەڕوو، ئەم ڕێگایانە دەبن بەو هۆکارەی، کە وەرگری ئاسایش بتوانێت لە دەلالەت و مانای شاراوە و قووڵی دەقەکە بگات.

گرنگی توێژینەوەکە: دەقەشیعرەکانی مەولەوی لە چوارچیوەی تایبەتمەندییەکانی بنیاتی قوڵ و ئاستی باڵای دەقدا دەسەلمێنێت، ڕێگەکانی تێگەیشتن و گەیشتن بەم بنیاتە قوڵە دەخاتەڕوو.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئەوەیە پڕۆسەی (ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن، شیکردنەوە، لێکدانەوە)، کە لەلایەن خوێنەری شارەزاوە بۆ دەقە شیعرەکانی مەولەوی کراوە، وەک پردێک نیشان بدات بۆ گەیاندنی خوێنەری ئاسایی بە قوڵایی دەقە شیعرییەکانی مەولەوی.

سنوری ئەم توێژینەوەکە: لە دەقە شیعرەکانی (مەولەوی)یدا خۆی دەبینێتەوە، ئاماژە بە دوو بەرهەمی شیعری مەولەوی کراوە، کە بریتییە لە (عەقیدەی مەرضیە) و (دیوانی شیعری)، لەگەڵ ئەو لێکدانەوە و خوێندنەوانەی، کە لەلایەن خوێنەری شارەزاوە بۆ بەرهەمەکان کراون دەخرێتە بەرباس.

ڕێبازی توێژینەوەکە: ڕێبازی پەیڕەو کراو لەم لێکۆڵینەوەیەدا، (وەسفی ـ شیکاری)یە، لەگەڵ خستنەڕووی هەندێك زانیاری تیۆری لەسەر دەق و خوێنەر و ڕێگەکانی تێگەیشتنی خوێنەر لە دەقی شیعری.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت، هەر بەشێکیش چەند باس و تەوەرەیەک لەخۆی دەگرێت، لە بەشی یەکەمدا چەند زانیارییەکی تیۆری لەسەر ئەم تەوەرەکانی: (دەق و پێکهاتەی بنیاتی دەقی ئەدەبی و جۆرەکانی دەق لە ڕووی ئاستەوە و دەقی شیعری و دەقی ڕاڤەیی و دەقی ئاست باڵا لەنێوان خوێنەر و جۆرەکانیدا) دەخرێتەڕوو. لە بەشی دووەمدا ئەم بابەتانە دەخرێتە بەرباس، شیعری مەولەوی لە نێوان خوێنەری شارەزا و خوێنەری ئاساییدا، بنیاتی قووڵی دەقی شیعری مەولەوی و خوێندنەوە و ڕێگاکانی تێگەیشتن لە دەقی شیعری مەولەوی، دەقی ڕاڤەیی بەرهەمهاتوو لە شیعری مەولەوی لە ڕێگەی (شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە) دەخرێتەڕوو.

شیعرەکانی مەولەوی خاوەنی ئاستێکی باڵان، هەموو جۆرە وەرگرێک ناتوانێت بگاتە کرۆکی واتا و بنیاتی قووڵی دەقەکان، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو ڕاڤە و لێکدانەوەیی، کە خوێنەر و وەرگری شارەزا لەسەر شیعرەکانی مەولەوی پێشکەشی دەکەن، ئەوا خوێنەری ئاسایی دەتوانێت دەستی بەو بنیاتە قووڵە بگات. بەم شێوەیە کۆمەڵێک ئەنجامی تری لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێکی تردا خراونەتەڕوو.

١ ـ ١ . پێکهاتەی بنیاتی دەقی ئەدەبی و دەقبوونی دەقی شیعری

دەق لە بازنەی ئەدەبیدا، لە دەربڕینی ئاسایی زمان و وشە و ڕستەی دابڕاو لە ئەدەبییەت دوور دەکەوێتەوە و خۆی لە ژانرێك لە ژانرە ئەدەبییەکان بەرجەستە دەکات، لێرەدا دەق بریتیی نییە لە چەند کەرستەیەکی زمانی وەگەڕخراو لە پێناو دروستکردنی سیستەمێکی پەیوەندیدا، بەڵکو لەو بازنەیەدا ئەرکی شیعرییەتی زمان جەختی لەسەر دەکرێتەوە، دەق لێرەدا لەی بازنەی ئاسۆیی زمان دەردەچێت و خۆی بە ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و هونەری و ئیستاتیکی و پەیامدارییەوە پەیوەست دەکات، لەو چوارچێوەیەدا دەقییەتی خۆی بەیان دەکات، تەنانەت زمانی بەکارهاتووش لە دەقی ئەدەبیدا هەر لەو چوارچێوە ئەدەبی و شیعرییەتەوە پەسەندی پێ دەدرێت.

نووسەر لە ڕێگەی بەکاربردنی زمانەوە، تێگەیشتن و بینین و باری سایکۆلۆژی خۆی لە فۆڕمێکدا بەرجەستە دەکات، ئەم بەرجەستە بوونەش لە دەقدا خۆی دەبینێتەوە، هەروەك "شلایرماخر" دەڵێت: (دەق ناوەندێکی زمانییە، فکری نووسەر دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر، زمانیش ئەو چوارچێوە و زەمینەیە، کە نووسەر کاری تێدەکات بۆ ئەوەی بیر و هزر و بۆچوونەکانی بگوازێتەوە)(ابو زید، 1999، ص21). زمانی دەقی ئەدەبی، شیعرییەت و چەندین ئەرکی هونەری و پەیامداری لەخۆدەگرێت، پشت بە بنەماکانی لادان و هەڵبژاردن دەبەستێت، هەمیشە کار بۆ لادان و تێکشکاندنی یاساکانی زمان دەکات لە هەر یەکە لە ئاستەکانی (دەنگ و وشە و ڕستە و واتا)دا، بەم جۆرە دەیەوێت خۆی و سروشتی دەقییەتی خۆی لە تێڕوانینی ئەبستراکتییانەی زمانەوانەکان دووربخاتەوە. دەق لە بازنەی ئەدەبدا، لە چوارچێوەی ڕەهەندە ئەدەبی و هونەرییەکانەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت و هەر لە چوارچێوەی ئەم ڕەهەندانەشەوە پێناسەی بۆ دەکرێت، کە خۆی لە (زمانی

sjh@univsul.edu.iq

ئەدەبی، پەیامداری، سوود، هەست و سۆز، چێژ، کاریگەری، شیعرییەت و جوانناسی،....تاد) کۆمەڵێک ڕەهەندی تر وەك تەکنیك و خاسییەتە هونەرییەکان و ڕەهەندی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و وەرگر و خوێنەر دەبینێتەوە.

هەموو ئەم ڕەهەندە هزری و هونەرییانەش لەناو تیۆر و میتۆدی جیاجیای ڕەخنەییدا جێگەی خۆیان کردەوە، واتە ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی لە ڕێگەی ئەو تیۆر و میتۆدانەوە، ڕوانگەی ئەدەبییانەی دەق لێکدەدەنەوە، پێناسەی دەقی ئەدەبیمان بۆ دەکەن لە سنووری فەلسەفە و پرەنسیپەکانی خۆیانەوە، بەجۆرێك هەندێك تیۆر و میتۆدی ڕەخنەیی جەخت لە ڕوخساری دەق و لایەنی جوانکاری و ئەرکی هونەرییانەی دەقی ئەدەبی دەکەنەوە، هەندێکی تر لەو میتۆدە ڕەخنەییانە جەخت لە ڕەهەندی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی دەقی ئەدەبی دەکەنەوە، لە چوارچێوەی بنەما و جەختکراوەکانی خۆیانەوە باس لە بنیات و زمان دەکەن لە دەقی ئەدەبیدا، چونکە (دەقی ئەدەبی دەربڕینێکی مەعریفییە وابەستەیە بە ڕەگەزەکانی ئەدەبی و گەلێك لایەنی هونەری و ئیستاتیکی، بنەماکانی دەق و پرۆسەی داهێنان و ئەرك و پەیام و گرنگی کاریگەری هەموو دەقێکیش بە تایبەتی لە ڕووی چێژ و خۆشی بەخشینەوە بەستراوەتەوە بەهەر دوو لایەنی توانا و ئەزموون و سەلیقە و ئایدیای نووسەرو ئاستی فکری و تێگەیشتن و ئاوێتەبوونی خوێنەر)(فەتاح، 2015، ل59). دەقی ئەدەبی فۆڕمێکی بەرجەستەکراوە، کە ڕوخسار و ناوەڕۆکێکی پتەوی هەیە و نوێنەرایەتی خەیاڵ و هەست و سۆزی نوسەر دەکات، توخمی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی لە خۆ گرتووە، دەقی ئەدەبی لە کرۆك و هەناوی خۆیدا بارە کۆمەڵایەتی و دروونییەکانی نوسەر بەیان دەکا.

بەواتایەکی تر (دەقی ئەدەبی داتاشینی جەستەیەکە، تەنها بەهرەمەندانی دەق و خالقەکانی دەق دەزانن ئەم جەستەیە چەند ئەستەم و دژوارە، چونکە ناکرێت دەقێك داڕێژین ئاگری گەش و باوەشێك بای ئەفسانە و چەندین کەرستەی موعانات و هەڵچوون و عاتیفە و خۆشەویستی پێ نەبی، لە دارشتەیەکی فۆکۆیبیانە دەق دەبێتە کۆڵەگەیی دامەزراوەیەکی پڕ لە نهێنی، کە هەر هەموویان خۆیان لە جەستەیەکدا دەدۆزنەوە، کە بەهرەمەندی دەق مەبەستییەتی)(دەشتی، 2013، ل434). بەم جۆرە دەقی ئەدەبی جەستەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە دیوی دەرەوەیدا ڕووخسار و ئەدگاری تایبەت بەخۆی هەیە و لە دیوی ژوورەوەی ئەم جەستەیەشدا ناوەڕۆك و مەبەست و ئەرك و پەیام ئامادەیە، جگە لەمە دەقی ئەدەبی ڕەهەندی زانیاری و مەعریفیشی هەیە، واتا جەستەکە هەر تەنیا لە ڕەهەندە دەروونی و سایکۆلۆژییەکان پێك نایەت، بەڵکو پرۆژەیەکی مەعریفیش لە مێشکی ئەم جەستەیەدا بوونی هەیە (دەقی ئەدەبی بریتییە لە کۆمەڵێك مەعریفەی مرۆیی، کە زانیاری ئەدەبی و مەعریفەی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری لەخۆ دەگرێت، نەك هەر ئەم زانیارییانە، بەڵکو زانیاری ئابوری و زانستەکانی تریش لەخۆ دەگرێت)(ابریر، 1995، ص12). واتە دەقی ئەدەبی بوونی مەعریفەیەکی گەورەی تێدا بەدی دەکرێت لە هەموو ڕوویەکەوە، بەم جۆرە دەقی ئەدەبی دەبێت لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە ئەوەی لە باردا بێت، ئەرکی هونەری و پەیامداری ڕاپەڕێنێت، لە لایەن گۆشەی سێیەمەوە، کە بریتییە لە وەرگری دەق خوێندنەوەی بۆ بکرێت و لە تۆماری دەقەکە بواری بەشداریکردنی وەرگر و خوێنەری تێدابێت، وەك وروژێنەرێکی هونەری و دالێکی فرە دەلالەت دەرکەوێت، هەروەها بەهۆی تەکنیك و بنەمای چێژ و سوود و خاسییەتی کاریگەری هێزی کێشکردنی خوێنەر و خۆ ئاوێتەکردنی هەبێت لەگەڵ ئاسۆی قۆناغەکان و ئاسۆی خوێنەر. بۆیە دەتوانین بڵێین، کە (دەقی ئەدەبی وەك حاڵەتی کەرنەڤاڵێك وایە، کە ڕۆشنبیرییەکانی تێدا کۆ دەبێتەوە و تێکەڵیان دەبێت)(ئەمین، 2013، ل39).

دەق لە ناو بازنەی ئەدەب و هونەردا، بەپێی تیۆرە ئەدەبی و ئاراستە ڕەخنەییەکان، فرە بنیاتە و بەهۆیەوە چاوەڕوانی ئامانجی گەورەی لێ دەکرێت لە ڕووی هونەری و مێژووی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسییەوە، لەبەر ئەوەی (ئەدەب پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ هەموو دنیادا دەکات بە بابەت و نێوەڕۆکی خۆی)(عارف، 2009، ل109). بۆیە لەبەر سروشتی پەیوەندییەکەی ئەدەب بە ژیان و مرۆڤەوە دەقی ئەدەبی لەو چوارچێوەیەدا بە ئەرکێکی زۆر فراوان هەڵدەستێت.

سەبارەت بە شیعریش، دەقی شیعری لە فۆرمی گشتی دەقدا، بەشێك لە پێوەر و ناسنامەی خۆی بە دەست دێنێت، لە بازنەی ئەدەبیشدا بەشێکی تر لەو ناسنامەیە بەدەست دێنێت و لە بازنەی تایبەتی شیعریشدا ناسنامەی خۆی بە تەواوەتی بەدەست دێنێت. هەموو ئەو بنەمایانەی، کە ڕوخسار و ناوەڕۆکی دەقی شیعری پێك دێنێن وەکو (زمان، بیر، هەست و سۆز، مەبەست و پەیامداری، فۆڕم، وێنە و هونەرەکانی ڕەوانبێژی، مۆسیقای شیعری، کێش و سەروا، چێژ و ئیستاتیکای شیعری..تاد)، ئەو ڕەهەندانە دوای ئەوەی خۆیان بە خاسییەت و تایبەتمەندی شیعر مەحکوم کرد، ئینجا بەشدارن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقی شیعرێك، کەم یان زۆر ڕۆڵیان لە تەواوکردنی ناسنامەی دەقی شیعرەکەدا هەیە.

دەقی شیعری وەك بونەوەرێکی زیندوو، ژیان و مردن و گۆڕان و پەرەسەندنی زۆری بەسەردا هاتووە، بۆیە لە پێناسەیەکی دیاریکراودا شیعر چییەتی خۆی نادات بەدەستەوە، (هۆنراوە وەك هونەرێك لە هونەرە جوانەکان و وەك چالاکییەك لە چالاکییەکانی مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ گۆڕان و بەرەوپێش چوونی مرۆڤدا و بە گوێرەی شوێن و سەردەم لە گۆڕاندا بووە و چەمکێکی چەسپاوی نەبووە)(عەلی، 1998، ل6). ئیتر دەقی شیعر وەکو بەرهەمێکی داهێنراو و لە قاڵبی داهێنانی مرۆڤایەتیدا خۆی بەیان دەکرد، بەمەش گرنگی خۆی سەلماند، ئەم گرنگییەش وای کرد، کە زانا و فەیلەسوفەکان لەسەر مەسەلەی دەقی شیعر بوەستن و وەکو بابەت و لایەنێکی لێکۆڵینەوەیی قسەی لەسەر بکەن، ئەمەش لقەکانی ئەدەبیاتناسی لێکەوتەوە و لە چوارچێوەی ئەم لقانەی ئەدەبیاتناسیدا بابەتی شیعری بە شێوەیەکی وردتر و زانستیانەتر کەوتنە ژێر لێکۆڵینەوەی زاناکان و ڕەخنەگرانەوە. یەکێ لەو لایەنانەش کە هەر لە کۆنەوە جێگای مشتومڕی زانا و فەیلەسوفەکان بووە دەقێتی شیعر و بنیاتەکانی دەقی شیعریی بووە، کە تا ئەمڕۆشی لە گەڵدا بێت وەڵام و لێکدانەوەی یەك لەدوای یەك دەخرێتەڕوو بۆ ئەم مەسەلەیە.

sjh@univsul.edu.iq

٢-1. جۆرەکانی ئاستی دەقی شیعری

ئەو باگراوند و ژێرخانە عەقڵی و دەروونییەی شاعیر هەیەتی هاوکات لەگەڵ توانا زمانیی و هونەرییەکەی، کە بۆ گوزارشت کردن بەکاریدێنێت. کاریگەری بەسەر چەندییەتی و جۆرییەتی دەقی ئەدەبییەکەدا دەبێت، بەمەش بابەتێکی تر دێتە پێشەوە، کە بریتییە لە (ئاستی دەق)، واتە ئاستی هەر دەقێك لە ڕووی جوانی دەلالەت و مانا و بەهێزی و لاوازی هونەرییەوە، هەر بەو باگراوند و تایبەتمەندییە عەقڵی و دەروونییانەی نووسەر و شاعیرەکەوە پەیوەستە. ئەزموون و توانایە هونەرییە جۆربەجۆرەکان کار لە شاعیر دەکەن و ئاستی ئەدەبی و هونەری دیاری دەکەن هەر ئەو ئاستەشە، کە کاریگەری بەسەر ئاستی دەقەکە دەبێت، دەبێتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەقەکە و بۆ بنیات و هەناوی دەقەکە شۆڕ دەبێتەوە.

لە ئەنجامی شیکردنەوە و ڕامان لە دەقەکەدا ئاستی دەقە ئەدەبییەکەمان بۆ دەردەکەوێت، جارێکی تر لە ئاستی دەقەکەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە خاوەنی ئەو دەقە چ ئاستێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری هەیە. بۆ نموونە لە ئەنجامی ڕامان لە دەقە شیعرییەکانی مەولەوی دەبینین، کە شیعرەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزی ئەدەبی و مەعریفی و هونەریدان، پێکهێنەرەکانی دەقی شیعری و بنیاتەکانی شیعر زۆر لێهاتووانە و شارەزاییانە مامەڵەی هونەری لەگەڵدا کراوە، ئاستی بەرزی دەقەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنن، کە خاوەنی دەقەکە شارەزاییەکی زۆری لە بوارە جیاجیاکاندا هەبووە و لە ڕووی زمانەوانی و خەیاڵ و هەست و سۆز و چێژی ئەدەبییەوە ئاستێکی بەرزی هەبووە. لەسەر بنەمای ئەو لێهاتوویی و مامەڵەکردنە لەگەڵ پێکهینەرەکانی دەقی شیعری و گونجاندنی بنیاتەکان، بابەتیکی تر دێتە پیشەوە، کە بریتییە لە (ئاستی دەق)، واتە جۆرەکانی دەق بە پێی ئاستەکان بۆ ئەم ڕەهەندە دەگەڕێتەوە. لەسەر بنەمای چەمکی (ئاستی دەق) دەکرێت، ئاماژە بە چەند جۆرە دەقێک کراوە، لە لایەن ڕەخنەگر و زاناکانەوە، بۆ نموونە شێوازی بەرز و شێوازی نزم و شێوازی ئاسایی دەقێك لە ڕووی ئاستەوە، بە ڕێژەی جوانی و بەهێزی و مامەڵە و گونجانی بنیاتەکانی دەقەکەوە پەیوەستن لە ڕووی زمانەوانی و تەکنیك و بنیاتە هونەرییەکانی تر و چۆنییەتی گوزارشتکردن لە فۆڕمێکی هونەری و ئێستاتیکیدا، کە ئەمەش لەگەڵ ئاستی خوێنەرەکە ڕووبەڕوو دەبێتەوە بەپێی ئاستی دەقەکە کاریگەری دەبێت لەسەر مەعریفە و هەست و چێژ بینینی خوێنەرەکەدا.

دابەشکردن و دیاریکردنی دەق لەسەر ئەو بنەمایە لای یەك کەس ئەنجام نەدراوە، هەر بۆیە دەق یەک جۆر و شێوە دابەشکردنی نییە، بەڵکو لەسەر چەندین بنەما و ڕوانگەی جیاجیای وەك پێکهێنەرەکانی دەق و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بنیاتەکانی دەق و گونجان و بەرجەستەکردنی بنیاتەکان لە ناو دەقدا دابەش دەکەن یان لە ڕووی جۆر و خاسیەتی زاڵی ناو دەق و پەیوەندییەکان و مەبەستێتی دەق پۆلێن دەکەن، بۆ نموونە ("دیمتری" زیاتر لە هەزارو شەش سەد ناوی بۆ جۆرەکانی دەق دەستنیشان کردووە، بە شێوەیەك پێی وایە، کەوا زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە بەشی ئەم هەمووە جۆرانەی دەق ناکات، بەشێوەیەکی گشتی سێ بنەمای بۆ جۆرەکانی دەق ڕەچاو کردووە ئەوانیش "هەڵویستی گەیاندن، ئەرکی دەق لەگەڵ ناوەرۆکی دەق")(صالح، 2012، ل28-29).

"ڕۆلان بارت" ڕەخنەگر و تیۆر داڕێژی فەڕەنسایی لە کتێبی "S/Z"دا باسی دوو جۆرە دەقی ئەدەبی دەکات، کە ناوی ناون "Lisible" و "Scriptibl" واتە دەقی خوێنراو "Readerly Text" و دەقی نوسراو "Writerly Text". (مەبەستی بارت لە دەقی خوێنراو ئەو دەقە سادە و ساکارانەیە کە هەندێك جار چاوەڕوانی تەنیا یەك ڕاڤە و لێکدانەوەی لێدەکرێت، مەبەستیش لە دەقی نوسراو ئەو دەقە فرە لایەن و قووڵ و چەند واتاییەیە، کە هەڵگری زیاتر لە یەك لێکدانەوە و ڕاڤەیە)(سەجادی، 2 013،ل 76)، لە ڕوانگەی ڕۆلان بارتەوە دەقی خوێنراو بە هۆی سادە و ساکاربوونی ئاستەکەیەوە هیچ بەربەستێک دروست ناکات لە بەردەم تێگەیشتنی خوێنەرەوە، توانایەکی کەمی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی نوێی ڕاڤەیی، بە پێچەوانەوە جۆری دەقی نوسراو دەقێکی ئاست باڵایە و کۆگایەکە بۆ بەرهەمهێنانی چەندین جۆی دەقی لێکدانەوەیی لە لایەن خوینەری شارەزاوە. دابەش کردنی دەق لە لایەن ڕەخنەگری ئیتاڵی " أمبرتو إيكو" خۆی لە (دەقی کراوە و دەقی داخراو)دا دەبینێتەوە، کە بە ئاراستەیەکی نزیك لە ئاراستەی دابەش کردنەکەی (بارت)دا دەڕوات، (دەقی کراوەی ئیکۆ لە بەرامبەر دەقی خوێنراوی بارت و دەقی داخراویش لە بەرامبەر دەقی نوسراوی بارتدا نزیکن، دەقی کراوە خوێندنەوە و ڕاڤەی جیاواز وەرناگرێت، ڕۆڵی وەرگر ڕۆڵێکی دیاریکراوە، هەرچی دەقی داخراوە دەتوانرێت ڕاڤە و لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەڵبگرێت)(الرويلي - البازعي، 2000، ص180-181 ). ئاماژەکانی ئەم دابەش کردنەی دەق لای هەر یەکە لە "بارت و ئیکۆ" بۆ ئاست و جۆرەکانی دەق و ڕەهەندەکانی خوێندنەوە و جۆرەکانی خوێنەر و بابەتی ڕاڤەی دەقمان دەبات.

"ڤاندایکیش بۆ بابەتی دەق جەخت لە بنەمای بنیاتی دەق دەکاتەوە ڤاندایك جیاوازی دوو جۆرە بنیاتی جیا دەخاتە ڕوو ئەوانیش: ("بنیاتی ڕووکەشی دەق و بنیاتی قووڵی دەقن"، ئەم دوو جۆرە بنیاتە گرنگترین تەوەرن لە بوون و پێکهاتەی دەقدا، بنیاتی ڕووکەش لەسەر ئاستی بەکاربردنی وشە و ڕاناو و جێناوەکان دەوەستێت، هەرچی بنیاتی قووڵی دەقە، پەیوەستە بە بنیاتی دەق لە ڕووی بابەتی زمان و دارشتنەوەی زمان و شێواز و هێڵی سەرەکییەکانی دەق، لەگەڵ توانای کورتکردنەوەی دەق لە ناونیشاندا)(زنیاك، 2003، ص56). لێرەدا دەبینین ڤاندایك دەقییەتی لە دوو جۆرە بنیاتدا کورت کردووتەوە، بەهۆیەوە هەم چەمکی دەق دەخاتەڕوو هەمیش هێڵێك لە نێوان دەق و نادەق دەکێشێت. ئەو خاسیەتانەی، کە لە دەقییەتی دەقێکدا بوونیان هەیە، بەسەر بنیاتی ڕووکەش و بنیاتی قووڵی دەقدا دابەشیان دەکات، چەندییەتی و چۆنییەتی پێکهێنەکانی ئەم بنیاتانە دەقییەتی دەخەنەوە. هەموو ئەو جۆرە دابەشکردنانەی، کە لەسەر ئەو بنەمایە بۆ دەق کراوە، گەر چی لە

ڕووی چەمک و ناونانەوە جیاوازییان هەیە، بەڵام هەموویان بۆ دوو شێواز و دوو جۆرە دەقمان دەبات، یەکەم ئەو دەقانەی ئاستێکی باڵایان هەیە و خاوەنی بنیاتێکی قووڵن، دووەم ئەو دەقانەی ئاستێکی ئاساییان هەیە و بنیاتەکانی دەقەکە بە ئاسانی خۆیان بە دەستەوە دەدەن.

دەقی باڵا، کە خاوەنی بنیاتێکی قووڵە، بریتییە لەم جۆرە دەقەی، کە شێوازێکی پتەو و بەهێزی هەیە لە داڕشتندا. لەڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە ئاستێکی بەرزی هەیە، بە توانایەکی بەرزی زمانەوانی و فکری و مەعریفی نووسراوە، ئینجا دەقەکە هەر دەقێك بێت شیعر بێت یان پەخشان. ئەم جۆرە دەقە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە خاوەنی دەقەکە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و زانستی و ئەدەبی هونەرییە، هەر لە ئاستی ئەم دەقەوە توانای زمانەوانی و شارەزایی نووسەرمان بۆ دەردەکەوێت لە زانستە جیاجیاکان و بوارەکانی تری ژیان، بۆیە ئەو دەقە لە ڕووی مانا و کۆد و شیعرییەت و نهێنی و دەلالەتەکانی ناوییەوە بە ئاسانی خۆی بۆ هەموو جۆرە خوێنەرێك نادات بەدەستەوە، تێگەیشتن لێی کارێکی ئاسان نییە، چونکە دەشێت لە نێوان ئاستی نووسەر و خوێنەر جیاوازییەکی زۆر گەورە هەبێت لە بواری زمانەوانی و ڕۆشنبیری و فکری و ئەدەبی و هونەرییەوە، بەمەش ئاستی دەق بەرزتر دەبێت لە ئاستی خوێنەر، بۆیە خوێنەر ناتوانێت ڕاستەوخۆ لە دەقەکە تێبگات.

1-3. جۆرەکانی خوێنەر و ئامرازەکانی تێگەیشتن لە دەقی شیعری

خوێنەری دەق یان وەرگری دەق وەك گۆشەی سێیەم لە هاوکێشەکەدا بوونی خۆی دەسەلمێنێت، لە میانەی پرۆسەی خوێندنەوەی دەقدا ڕۆڵی گۆشەیەکی تر، کە خوێنەرە خۆی بەیان دەکات و سێگۆشەی ئەدەب تەواو دەکات. (خۆێنەر ئەو کەسەیە، کە بە هەر جۆرێك بێت ڕووبەڕووی بەرهەم و دەقی ئەدەبی دەبێتەوە جا بە بیستن بێت یاخود لە ڕێگای خوێندنەوەوە بێت، کە لە ڕێگای کردنەوەی کۆدەکانی دەقەکەوە، ئەزموونی کەسی و دەروونی و عەقڵی و چێژ و جوانناسی خۆی لەگەڵ دەقەکەدا ئاڵوگۆڕ دەکات)(خرماش، ١٩٩٩، ص٢٠). خوێنەر لە ڕێگەی چێژ وەرگرتن لە دەق و کاریگەربوون بە دەق و بەراوردکردنی ئەزموونی دەروونی و عەقڵی و ئاستی ڕۆشنبیری و جیهانبینی خۆی بە دەقەکە، بۆچوون و هەستی خۆشی و ناخۆشی لا گەڵاڵە دەبێت، بەمەش شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێمان بۆ بەرهەم دێنێت. هەروەکو" أمبرتو إيكو" دەڵێت: (دەق پێویستی بە خوێنەرە، دەلالەتەکانی ناو دەق پێویستیان بە لێهاتوویی زمانی خوێنەرە، دەق نهێنی و ئاڵۆزییەکی زۆری لەخۆ گرتووە، پێکهاتووەکانی بە چڕی بەناو یەکداچوون، کۆدە گوتراو نەگوتراوەکانی ناو دەقەکە پێویستیان بە خوێنەر هەیە تا کارایان بکات)(امبرتو ايكو، ٢٠١٨، ص٦٢). گرنگیدان بە جەمسەری خوێنەر زیاتر قووڵبوونەوەی بۆ کرا، بەمەش تیۆر و ئاراستەی نوێ لەم بارەیەوە پێشکەشکران، تیۆری خوێندنەوە و ئیستاتیکای وەرگرتن، کە بەناوی تری وەك تیۆری پێشوازی و تیۆری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوێنەریش هاتووە، لەلایەن ڕەخنەگر و ڕابەرانی قوتابخانەی کۆنستانسی ئەڵمانی خرایەڕوو، بەتایبەتی هەردوو تیۆر داڕێژەری وەك (هانز ڕۆبیرت یاوس، فۆلف گانگ ئایزەر). تیۆری خوێندنەوە لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی دیاردەگەرایی، جەمسەری داهێنەر و دەقی بەجێهێشت و چەقی گرنگیدانیان بە خوێنەر و وەرگر بەخشی. لەبەر ئەوەی ئەم فەلسەفەیە بۆ تێگەیشتن لە ورووژێنەرو دیاردەکانی سروشت و ژیان هەستکردنی تاك دەکات بە سەرچاوە، هەستکردن بە بابەتەکان حەقیقەت و ماهییەتی بابەتەکان دەردەخات، بۆیە لە تیۆری خوێندنەوەدا، دەقی شیعری خاوەنی تێڕوانین و ئەزموون و مەبەستی خۆیەتی و ئاوێتەی توانای تێگەیشتن و مەبەستی خوێنەر دەبێت و لەم پرسەیەشدا واتای نوێ و خوێندنەوە و تێگەیشتنی جیاواز دێتە بەرهەم، بەمەش خوێنەر بەشدارە لە پرۆسەی داهێنان و بەرهەمهێنانی دەقدا. هەر بۆ ئەم مەبەستە زانا و ڕەخنەگرانی ئەم بوارە، ئاماژەیان بە چەند جۆرە خوێنەرێک کرد، چەمک و ناوی جۆراوجۆریان بۆ خوێنەر و جۆرەکانی خوێنەر پێشنیار کرد.

بەشێوەیەکی گشتی هەموویان جەخت لە جۆرە خوێنەرێکی گرنگ دەکەنەوە، کە توانای قووڵبوونەوە و تێگەیشتنی لە دەق هەیە و خوێنەرێکی کارا و بەرهەمهێنەرە، ئەم جۆرە خوێنەرە لە ژێر ناوی جیاجیادا لەلایەن زانا و ڕەخنەگرانەوە ئاماژەی بۆ کراوە، بۆ نمونمە "" أمبرتو إيكو" ئاماژە بە "خوێنەری نموونەیی" دەکات، کە بەلایەوە توانای خوێنەری نموونەیی هاوتای توانای نووسەرە، لە ڕووی هونەری و زمانی ئەدەبی و شارەزایی و لێهاتوویی لە بواری دەقەکەدا، بۆیە لێکدانەوەکانی ئەم خوێنەرە بۆ دەقی نوسەرێک وەکو داهێنانی خودی نوسەرەکەیە)(محمد، ١٩٩٩، ص١٤٦). ئەم جۆرە خوێنەرە کارایە، کاریگەری لەسەر ستراتیژییەتی ئاراستەکردنی دەقی داهێنراوی هەیە، هەروەکو "پێرلمان و تیتیکا" لە تیۆرەکەی خۆیان سەبارەت بە ئارگیۆمێنتی ڕەوانبێژی هاوچەرخدا لە ژێر ناوی "خوێنەری گەردوونی"یدا ئاماژەیان بەم جۆرە خوێنەرە و کاریگەرییەکەی کردووە بەسەر دەقەوە، بەلای ئەوانەوە (لەبەرچاوگرتنی خوێنەری گەردوونی لەلایەن نووسەر و نێرەرەوە، وا دەکات دەقی ئەدەبی لە ڕووی کاریگەرییەوە بچێتە ئاستێکی زۆر باڵاترەوە)(ابراهيم، ٢٠٢٣، ل٨١). هەروەها "یاوس" جەختی لە چەمکی (ئاسۆی چاوەڕوانی) کردوە، لەسەر ئەو بنەمایە تیۆرەکەی خستەڕوو، کە خۆی لە هەموو ئەو بنەما و پێوەر و ئەزموون و ڕۆشنبیریانەی خوێنەر دەبینێتەوە، کە بەهۆیەوە خوێندنەوە بۆ دەقێك دەکات. ("هانز ڕۆبێرت یاوس" کە یەکێکە لە دامەزرێنەرە سەرکییەکانی پەیڕەوی جوانکاری وەرگرتن، زۆر جەخت لەسەر ئاسۆی چاوەڕوانیی خوینەر دەکات. هەموو خوێنەرێک کە دەقیک دەخوینێتەوە چاوەڕوانیی ئەوە دەکات، لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی دەقەکەدا بگونجێت، بەم پێیە دەقیش ئاسۆی چاوەڕوانی خۆی هەیە، هەر لێرەوە کارەکە بەم شێوەیە دەکەوێتەوە:

1. ئاسۆی چاوەڕوانی دەق لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی خوینەردا گونجاوە.
2. ئاسۆی چاوەڕوانیی دەق خوینەر تووشی نائومێدی دەکات، چونکە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی ئەمدا ناگونجێت.

3. ئاسۆی چاوەڕوانیی دەق بەجۆرێک دەکەوێتەوە کە ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر دەگۆڕێت، قەبارەو پێوەری تری لا دروست دەکات)(بەرزنجی، ٢٠١٤، ل١٠).

بە بڕوای یاوس (هەر یەك لە خوێنەر و بەرهەمی ئەدەبیش خاوەنی ئاسۆی چاوەڕوانی تایبەت بە خۆیانن، کە بە هۆیانەوە ململانێکان لەنێوان ئاسۆکاندا دروست دەبێت هەندێك جار ئاسۆی خوێنەر و دەق پێکەوە گونجاون، جاری واش هەیە ئاسۆی چاوەڕوانی دەق کاریگەری لەسەر ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر بەجێ دێڵێت)(هنری باجو، 1997، ص77). ئەزموون و باگراوندی مەعریفی و ڕۆشنبیری خوێنەر لای یاوس بە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ناو دەبرێت، کە خوێنەر بەم ئاسۆیە ڕووبەڕووی ئاسۆی چاوەڕوانی دەقی شیعری دەبێتەوە، ئەم دوو ئاسۆی چاوەڕوانییە کارلێك دەکەن و لە ئەنجامی ئەم ئاوێتەبوونەش تێگەیشتن و نائومێدی و گۆڕان ڕوودەدات، بەجۆرێك گونجانی ئاسۆی چاوەڕوانییەکان تێگەیشتنی لێدەکەوێتەوە، نەگونجانی ئاسۆی چاوەڕوانی دەق لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا، پرسیار و گفتوگۆ دروست دەکات یان خوێنەر نامۆ و نائومێد دەکات یانیش ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرەکە دەگۆڕێت.

"ئایزەر" باس لە بۆشاییەکانی ناو دەق دەکات، خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقدا، لەگەڵ پێکهاتەکانی دەق ئاوێتە دەبێت و پەیوەندی لە نێوانیان دروست دەبێت، ئەمەش وادەکات خوێنەر دوور لە زانیاری و سەرچاوەی دەرەکی ئەم بۆشاییانە تەواو بکات، ئاستی ڕۆشنبیری و ئەزموونی وەرگر کاریگەری هەیە لەسەر چۆنییەتی ئاوێتە بوون و کارلێك کردنی لەگەڵ بنیاتە پێکهێنەرەکانی دەقەکەدا.

"ستانلی فش" باس لە جۆرە خوێنەرێک دەکات بە ناوی "خوێنەری شارەزا" دەڵێت: (ئەم جۆرە خوێنەرەی، کە من باسی دەکەم خوێنەرێکە خەسڵەتی ئایدیالی هەیە، خوێنەرێکی پسپۆڕە و چەندین تایبەتمەندی هەیە، دەبێت شارەزایی زمانی دەق بێت و لێزان بێت بە وشە فەرهەنگی و چەمک و زاراوە شێوازییەکان و خاوەنی مەعریفە و ئەزموونێکی قووڵ و چێژ و زەوقێکی ئەدەبی بێت)(عبید، ٢٠٠٩، ل١٠٠). لەگەڵ خوێندنەوەی دەق لە لایەن ئەم جۆرە خوێنەرەوە کارلێك و ئاوێتە بوون لە نێوان لەخۆگرەکانی دەقەکە و خوێنەرەکە ڕوودەدات و بەمەش پرۆسەکە بەرە و تەواوبوون دەچێت و بۆشاییەکانی ناو دەقە ئەدەبییەکە پڕدەکرێنەوە و دەقی لێکدانەوەیی لەسەر دەقەکە بەرهەم دێنێت، کە یارمەتی تێگەیشتنی دەقە ئەدەبییەکە دەدات. بۆ هەمان مەبەست "ڕۆلان بارت" چەمکی "خوێنەری داهێنەر" بەکاردەهێنێت، کە بەلای بارتەوە (خوێنەری داهێنەر جارێکی تر هەڵدەستێت بە نووسینەوەی دەقەکە چونکە خوێندنەوە خۆی پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، بۆ ئەم مەبەستە خوێنەر سوود لە چەندین دەقی تر وەردەگرێت بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە، بۆیە خوێندنەوەی دەق لە لایەن ئەم خوێنەرەوە ناکارا نییە و بەڵکو چالاکییەکی داهێنەرانەیە)(جوف، ٢٠٠٤، ص١٢٥-١٢٦). بەهەمان شێوە ریفارتیر ئاماژە بە خوێنەری لێکدەرەوەی دەقەکان دەکات، ناوی دەنێت (خوێنەری باڵا)، (ئەم خوێنەرە، کەسێکی شارەزایە و لە ڕێگەی لێکدانەوەی دەقەکە ڕوونکردنەوە پێشکەش دەکات بەم جۆرە لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەکانی خوێنەری باڵاوە خوێنەری ئاسایی دەتوانێت دەقەکە وەربگرێت)(ریفارتیر، ١٩٨٦، ص١٤٠-١٤٢). بەم شێوەیە خوێنەر بە پێی جۆری دەقەکان و سروشتی دەقەکان و بنیاتی ڕووکەش و بنیاتی قووڵی دەقەکان، ڕۆڵیان دەبێت لە خوێندنەوەی دەق و پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی دەق و بەرهەمهێنانی دەقی لێکدانەوەیی. لێرەدا مەبەست لە سروشتی دەقەکانە بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی، کە دەقەکە هەیەتی جۆری خوێنەری خۆی دیاری دەکات، دەقی باڵا تایبەتە بە خوێنەری باڵا، کە ئەم جۆرە خوێنەر نوخبەیەکی شارەزا و پسپۆڕە لەبواری جیاجیادا لە ڕێگەی لێکدانەوە نووسینی پەراوێز لەسەر مەتنەکان خزمەت بە خوێنەری ئاسایی دەکات، بەمەش تێگەیشتنی گشتی فەراهەم دەکات، بۆیە دەشێت چێژی گشتی خوێنەر لەسەر ئەو دەقانە ڕاهاتبێت، کە خۆی دەرهەقیان دێت و پێویستی بە فلتەر و سیمی تر نەبێت بۆ تێگەیشتن لێیان. سەرباری ئەمجۆرانە لە خوێنەر، لە ڕوانگەی تیۆری وەرگرتنەوە خوێنەران لە تێڕوانینیاندا بۆ دەق لەیەك ئاستدا نین، بەشێوەیەکی گشتی دەیانکەن بە سێ جۆرەوە کەبریتین لە:

١- خوێنەری ئاسایی ( القاریء العادی :)ئەو خوێنەرەیە کە هیچ نابەخشێت بە دەق و بەخوێنەرێکی نەرێنیی دادەنرێت.

٢- خوێنەری هۆشیار یان گرنگیپێدەر ( القاریء العارف او المهتم : )ئەو خوێنەرەیە بەو زانیاریانەی کە هەیەتی دەتوانێت دەق بەرهەمبهێنێتەوە لە ناخی خۆیدا.

٣- خوێنەری ڕەخنەگر ( القاریء الناقد : )ئەو خوێنەرەیە کە نەك تەنها لە ناخی خۆیدا دەق بەرهەم دەهێنێتەوە، بەڵکو دووبارە داڕشتنەوەی دەقی هەیە لە خوێندنەوەیەکدا کە کاریگەری دەبێت لەسەر دوو جۆرەکەی تریش "خوێنەری ئاسایی و خوێنەری هۆشیار یان گرنگیپێدەر")(قادر، 2022، ل77).

هەموو دەقێکی داهێنراوی ئەدەبی ئینجا شیعر بێت یاخود پەخشان، کاتێك تەربین لەگەڵ ئاستی خوێنەری ئاسایی دەبێت بە دەقی ئاسایی. دەقی ئاست ئاسایش ئەو دەقەیە، کە هیچ پشێوی و ئاڵۆزییەکی لە پرۆسەی تێگەیشتنی خوێنەری ئاسایی دروست ناکات، خوێنەری ئاسایی بێ پشت بەستن بە سەرچاوە و بێ هیچ پاڵپشتییەکی خوێنەری باڵا تەنیا پشت بەستن بە باگراوند و ئاستی کەسی خۆی دەتوانێت لە دەقەکە بگات، ڕاستەخۆ بێ لێکدانەوە تێگەیشتن بەدەست بێنێت، چونکە دەقەکە بە ئاستێکی نزیك لە ئاستی تێگەیشتنی خۆی نووسراوە، لە ڕووی زمان و بنیاتی هونەری و گوزارشت و دەربڕینی بابەتەوە. بەڵام ئەو خوێنەرەی بیەوێت لە دەقی باڵا بگات، کە دەقێکە بنیاتێکی قووڵی هەیە، دەبێت خوێنەرێکی باڵا بێت و خاوەنی ئاستێکی بەرزی مەعریفی و ڕۆشنبیری بێت و شارەزایی لە بواری ئەدەب و شێوازی ئەدەبی و هونەری هەبێت، بەپێی سروشتی نەتەوەکەی و کاریگەری نەتەوەکەی بە وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی تر شارەزایی زمان و کلتور و ئایین و ئەدەبی نەتەوەیی و وڵاتانی کارتێکەر بێت، چونکە دەق کۆگایەکە هەموو ئەو ڕەهەند و بنیاتانە دەگرێتە خۆی. هەروەها چنینێکی وردی

زمانەوانی و وەستاکاری تێدا کراوە لەڕووی وشەسازی و ڕستەسازییەوە، کلتوور و ڕەمزی نەتەوەیی و ڕەمزی نەتەوەکانی تر و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و دەقئاوێزان و بابەتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی و مێژوویی و زانست و بوارەکانی تر پێکێهێنەری دەقن و لە کۆگای دەقدا بوونیان هەیە، ئیتر نەبوونی شارەزایی لەم بوارە بۆشایی لە پرۆسەی تێگەیشتن لە دەقەکەدا دروست دەکات، بۆیە زۆرجار خوێنەر بۆ تێگەیشتن لە مانا و دەلالەتەکانی دەق و زمانی دەقی باڵا پەنا بۆ سەرچاوە و لێکۆڵینەوەکان و فەرهەنگی زمانی نەتەوەکەیی و زمانی نەتەوەکانی تر دەبات.

2-1. ڕێگەکانی تێگەیشتن لە بنیاتی قووڵی شیعرەکانی مەولەوی

دەق مەیدانی بەیەکگەیشتنی نووسەر و خوێنەرە لەناو ئەو مەیدانەدا ئاستەکان بەریەکتر دەکەون، شاعیر ڕەهەندەکانی وەکو (هەست و سۆز، جیهانبینی، چێژ، مەعریفە و پەیام)ی خۆی دەڕژێنێتە ناو دەفری دەق، ئەو دەفرەش بە بنیاتە هونەری و سەلیقەی زمانەوانی خۆی دەڕازێنێتەوە، بەمەش دەق ئاستی مەعریفی و هونەری خۆی بۆ خوێنەر نمایش دەکات. ئینجا خوێنەر دێتە پێشەوە، ئەو خوێنەرەش پێویستی بە بنەمای هونەری و ڕەهەندی ئەدەبی و ئەزموون و شارەزایی هەیە، تاوەکو بتوانێت لە دەقەکە بگات، واتە لەبەر ئەوەی شاعیر فکر و توانای هونەری خۆی ڕژاندۆتە ناو دەقەکە و بۆیە پێویستە خوێنەریش توانا و لێهاتوویی فکری و هونەری خۆی بەکار بهێنێت تاوەکو بتوانێت لە فکر و توانا هونەرییەکانی شاعیر بگات، کە لە دەقەکەدا کۆنکرێت کراوە.

تێگەیشتن و وەرگرتنی دەق لەلایەن خوێنەرەوە پێویستی تری هزری بەدوای خویدا هێنا و بابەتی تری هێنایە کایەوە، کە بریتییە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەق، ئەمەش توانی خزمەتێکی گەورەی بە دەق بکات و هێزی کێشکردنی دەقی زیاتر کرد. لەبەر ئەوەی زۆر جار جیاوازی ئاستی دەق لەگەڵ ئاستی خوێنەر دەبێتە ڕێگر لەبەردەم وەرگرتنی دەقەکە، چونکە دەقی ئاست بەرز بۆ هەموو جۆرە خوێنەرێك بە ئاسانی خۆی نادات بەدەستەوە و خوێنەر بەم ئاست و شارەزاییەی خۆیەوە ناتوانێت لە دەقەکە بگات، کە پرۆسەی تێگەیشتنی خوێنەر لەدەقێکدا پەکی کەوت و لەئاستی سفردا بوو، ئەوا ئەو دەقە لە ڕووی وەرگرتن و پەسەندییەتی و چێژ و کاریگەری ئامانجی خۆی لای ئەو خوێنەرە ناپێکێت. بۆ چارسەری ئەم مەبەستە پرۆسەی لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەق دێتە پێشەوە و دەتوانێت چارسەری ئەم کێشەیە بکات و تێگەیشتن دەستەبەر بکات و خوێنەر لەو ڕێگەیەوە بە دەقەکە ئاشت دەبێتەوە و دەبێتە وەرگری دەقەکە. خوێنەری شارەزا لە ڕێگەی ئەنجامدانی کاری لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ دەقێك دەیەوێت بەربەستەکانی بەردەم تێگەیشتن تێکبشکێنێت، ئیتر خوێنەری ئاسایی بە کۆد و کۆگای نهێنی دەقەکە دەگات و پرۆسەی ئاوێتە بوون لە نێوان خوێنەری ئاسایی و دەقە باڵاکەدا دروست دەبێت، بەمەش (لێکدانەوە و شیکردنەوە) زیندوویەتیان بە دەقی ئەدەبی بەخشی.

دەقی ئەدەبی خاوەنی زمان و تایبەتمەندی هونەری و فرە دەلالەتییە، بۆیە خوێنەر هەموو کات مەرج نییە بە مانا و مەبەست و تۆماری دەقەکە بگات، بەڵکو ئەگەر هەموو خوێنەرێك هەمووکات توانی بە دەقەکە بگات، ئەوا ئەوکات دەقەکە ئەرکی بنەمای دەقێتی خۆی لە ڕووی سود و زانیاری پێ بەخشین لە دەست دەدات، هەروەکو "ئایزەر" لە چەمکی "Repertoire du texte" واتە تۆماری دەق، جەختی لەسەر کردەوە، کە بریتییە لە هەموو ڕەهەندە گرنگەکانی پەیوەندی، کە دەقیان پێکهێناوە، بۆیە تۆماری دەق مەبەست و هێڵی شاراوەی لە خۆگرتووە، پێویستی بە شارەزایی و زانایی خوێنەرێك هەیە، بۆ ئەوەی لێکدانەوەی بۆ دەقەکە بکات و مەبەست و هێڵە شاراوەکانی تۆمارەکە ئاشکرا بکات و مانا و مەبەستەکان ڕوون بکاتەوە. بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی دەق (پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە هەموو دەقێك سێ مەبەستی هەیە، یەکەمییان مەبەستی دانەرە، دووەمییان مەبەستی دەقە، سێیەمیشییان مەبەستی خوێنەرە، کە هەموویان بەیەکەوە پەیوەستن. لێرەوە تیۆری وەرگرتن بە ڕاڤەکردنی دەق دەگات، کە پەیوەستە بەو پێشبینییانەی خوێندنەوەی یەکەم دەیان وروژێنێت، کە ئاسۆی خوێندنەوەیە ئاسۆیەکانی تر وەك "چاوەڕوانی و پێشبینی" هەر بەم ئاسۆیە پەیوەست دەبن، چونکە شیکەرەوە و ڕاڤەکەر دەیەوێت بەرجەستە کردنێکی بەر هەست بۆ واتای دەق پێشکەش بکات و نایەوێت مافی گوزارشتکردنی مەجازی خۆی پیادە بکات، واتە نایەوێت واتایەك بدات بەدەق، کە لە بنەمادا ئەو واتایە بە دەقەکە نامۆیە، ناکرێت بەبێ ڕەچاو کردنی فۆرمی دەقەکە بدرێتە پاڵ دەقەکە)(خەلیل، 2017، ل194). دەق بەهۆی فرە مەبەست و فرە دەلالەتی ئاستی جیاواز وەردەگرێت، کە ناکرێت لە هەموو ئاستێکدا بە ئاسانی و بەبێ پرۆسەی لێکدانەوە و شیکردنەوە بە مانا و تێگەیشتنی دەق بگەین، لێکدانەوە لەمپەری بەردەم تێگەیشتن لە دەق هەڵدەگرێت.

کاتێك دەقێك شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت لەلایەن خوێنەرێکەوە، ئەوا ئەو خوێنەرە دەرگای کۆگای دەق بەڕووی کۆی خوێنەرەکانی تردا دەکاتەوە، بۆیە (ئەم خوێنەرە لای میشال ریفارتێر پێویستە خوێنەرێکی نموونەیی یاخود خوێنەرێکی سەروو ئاسایی بێت، ئاگادارییەکی فراوانی هەبێت، بە وردی و بە هۆشیارییەوە توانای تۆمارکردنی هەموو ئینتیباعێکی ئیستاتیکی هەبێت، هەروەها توانای ئەوەی هەبێت دووبارە بگاتەوە بە بونیادێکی کاریگەر لە دەقەکەدا، چونکە بەلای ریفارتێرەوە لێکدانەوە دەکرێت ببێتە هۆی ئەزموونێك بۆ تێگەیشتن)(خەلیل، ل195). ئەم جۆرە خوێنەرە دەتوانێت لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ دەقێکی ئاست باڵا بکات، لێکدانەوە و شیکردنەوەکەش دەبێتە دەقێکی پەراوێزی بۆ دەقە ئاست باڵاکە، لەو ڕێگەیەوە خوێنەری ئاسایش بە ئاستی بەرزی دەقەکە دەگات. دوای ئەوەی کە ئەو خوێنەرەش بە ئاستی دەقەکە گەیشت و لە مەبەست و دەلالەتەکان گەیشت ئەزموون و جیهانبینی و مەبەستەکانی بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنانی لێکدانەوەی تر، (شیکردنەوە و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە)ی دەق مێژوویەکی کۆنی هەیە، بە شێوەیەکی نامەنهەجی، کە لە چوارچێوەی تێگەیشتن و شارەزایی تاکەکەسی کردەکە ئەنجام دراوە، دەتوانین بڵێین بە کەمێك جیاوازییەوە هاوکاتە لەگەڵ پەیدا بوونی دەقەوە. بەڵام بەشێوەیەکی زانستی و لە چوارچێوەی بوونی میتۆدێکدا، ئەم بابەتە پەیوەستە بە هێرمۆنۆتیکا.

ڕەخنەی هێرمینیۆتیکا کە بە واتای لێکدانەوە و شیکردنەوە و هونەری خوێندنەی دەق دێت، لە جۆری ڕەخنە هاوچەرەکانی دوای بونیادگەرییە و پەیوەستە بە تیۆری خوێنەر و خوێندنەوەی دەقەوە، بیر و چوارچێوەی تیۆری و پراکتیکی خۆی لەسەر جەمسەری خوێنەرەوە دەخاتەڕوو. (هێرمۆنۆتیکا تیۆری تەئویلی دەقەکانە یاخود زانستێکە لە میکانیزمەکانی تێگەیشتن دەکۆڵێتەوە، ئەم زانستە لە هزری نوێی ڕۆژئاواییدا لە سەدەی حەڤدەوە دەستی پێکرد، کاتێك لەبواری تێگەیشتنی دەقە ئاینییەکان جیابوویەوە بۆ ئەوەی ببێتە زانستێکی سەربەخۆ و تاوتوێی پرۆسەکانی تێگەیشتن و میکانیزمەکانی تەئویل بکات، بەڵام دواتر هێرمۆنۆتیکا وەك میتۆد و چەمکی فەلسەفە پەرەی سەند و پراکتیك کردنی پەلی هاویشت بۆ ناو زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەك مێژوو و فەلسەفە و ئەنترۆپۆلۆجیا و ڕەخنەی ئەدەبی)(قطوس، ل270). بۆ تێگەیشتن لە هێرمۆنۆتیکا، پێویستە مێژوو و چوارچێوەی کار و ئەرکی کۆنی هێرمۆنۆتیکا بخرێتە بەرباس، لەڕاستیدا (هێرمۆنۆتیکا لە دەستەواژەی یۆنانی "هێرمێنوتیکێ" هاتووە واتە هونەری لێکدانەوە و شیکردنەوە، هونەری خوێندنەوە، ئەمەش وەك ڕێژەیەك لە وشەی یۆنانی "هێرمێس"ەوە هاتووە، هێرمێس پەیامبەری خواوەندەکانی یۆنانی کۆن بوو، کە فەرمان و ڕێنماییەکانی ئەوانی لێکدەدایەوە و شیدەکردەوە، هێرمۆنۆتیکی کۆن لە دوو بواری تەواو جیاواز پێکهاتووە، یەکەم ئەو لۆژیکەی کە ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ فەلسەفەی ئەرستۆتالیسی دەگەڕێتەوە. دووەم ئەو لێکدانەوانەی بۆ تێکستە ئاینییەکان دەکرا، بەتایبەتی ئەو لێکدانەوانەی بۆ کتێبی پیرۆز دەکران، کە ئەمەش زۆرجار بەهێرمێتیزم ناسراوە)(عومەر، 2012، ل285-286).

هێرمۆنۆتیکا توانی لە ڕەخنەیی نوێدا بنەما و پرەنسیپەکانی خۆی لە میتۆدێکدا بەرجەستە بکات، بە میکانیزمێکی نوێ و زانستییانە مامەڵە لەگەڵ جۆرەکانی دەق و دەقی ئەدەبی بکات، هەربۆیە (ئەمڕۆ هێرمۆنۆتیکا لە لێکۆڵینەوەی هاوچەرخدا واتە تیۆرییەکانی خوێندنەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی تێکستەکان هەر تێکستێکی ئەدەبی و فکری و فەلسەفی، هەر بۆیە کۆمەڵێك لق و پۆپی لێ بووەتەوە وەك هێرمۆنۆتیکی ئەدەبی، کە تایبەتە بە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی تێکستی ئەدەبی و شیعری، هێرمۆنۆتیکای قانوونی کە تایبەت بەلێکدانەوەی تێکستە قانوونییەکان، هێرمۆنۆتیکای ئاینی کە تایبەتە بە لێکدانەوەی تێکستە پیرۆزەکان، هێرمۆنۆتیکای مێژوویی کە بەڵگە و گوتارە مێژووییەکان شیدەکاتەوە، هێرمۆنۆتیکای فەلسەفی واتە لێکدانەوە و شیکردنەوە تێکستە فەلسەفییەکان)(عومەر، ل286). میتۆدی هیرمۆنۆتیکا دیدێکی هزری و زانستی و زمانەوانی بۆ پرۆسەی لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەق پێشکەشکرد و لێکدانەوەی دەقی لە چنگی میزاج و شارەزایی و ڕوونکردنەوەی مەسوعی و ئینتیباعی ڕزگارکرد.

سروشتی دەقی باڵا وایکردووە، کە خوێنەری ئاسایی لە ڕێگەی کاری ڕەخنەی هێرمۆنۆتیکا، کە خۆی لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەقەکەدا دەبینێتەوە بە مانا و نهێنییەکانی دەقەکە بگات، لە ڕێگەی خوێنەری باڵاوە، کە بریتییە لە خوێنەرێکی ئاست بەرز و شارەزا و لێکۆڵەر لەم بوارەیەوە تێگەیشتن لەو دەقە دەستەبەر دەکات. دەقی باڵا لە هەموو بوارێکدا بوونی هەیە بۆ نموونە دەقی باڵای ئایینی هەموو ئەودەقانە دەگرێتەوە، کە وەك "مەتن" دەردەکەون و لە ڕێگەی پەڕاوێزە شەرحی ئەو مەتنانە کراوە، کە لە سەرچاوە ئاینییەکاندا ئەم جۆرە دەقە زۆر دەکەوێتە بەرچاو. هەروەها دەقی دەستووری و یاسایی، کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە و ڕێنمایی هەیە بۆ ئەوەی تێگەیشتن لێی دەستەبەر بکرێت، ئەمەش لەلایەن خوێنەری باڵا دێتە ئەنجامدان.

سەبارەت بە ئەدەب، ئەوا دەقی ئەدەبی بەپێی تێگەیشتن و کاری هێرمۆنۆتیکاوە کەرستەیەکی جەوهەرییە بۆ کاری ڕاڤەکردن و لێکدانەوەیی، بە حوکمی ئەوەی، کە کاری هێرمینیۆتیکا چوونە ناو دەق و لێکدانەوە و ئاشکرا کردنی واتای دەقە، بێ ئەوەی پشت بە مەبەستی نوسەر ببەستێت، خوێنەر خۆی لە ڕێگەی لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی واتا بەرهەم دێنێ بێ ئەوەی چاوەڕوانی نووسەر بکات و بە ئاشکرا کردنی مەبەستی نووسەر ڕازی بێت، (مەبەستی نووسەر لەو شوێنەوە، کە دەق دەکەوێتە بەر خوێندنەوە نامێنێ و واتای نوێ و مەبەستی تر لە خوێندنەوەی جیاوازیی خوێنەری هێرمینیۆتیکییەوە سەرچاوە ئەگرێ، کە پشت بە کراوەیی دەق و خواستن و دەلالەتەکان دەبەستێت)(ڕەزا، 2008، ل120). لێرەدا دەقی ئەدەبی لە مەبەستی سەرەکی خودی نووسەر و شاعیر دوور دەخرێتەوە و دوور لەو مەبەستە دەقەکە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت و لە چوارچێوەی هێرمینیۆتیکادا دەق بەکەس دەکرێت، توانای ئەوەی هەیە ناخی خۆی بۆ خوێنەر بکاتەوە، گفتوگۆ لەگەڵ خوێنەر دەکات و وەڵام و پرسیار لە نێوان دەقی شیعری و خوێنەر دروست دەبێت و لەم ڕێگەیەشەوە بەردەوام واتای گۆڕاو و نوێ دێتە بەرهەم، لە ئەنجامی هێنانە گۆی کۆدەکانی ناو دەقی ئەدەبی، پرۆسەی تێگەیشتن دروست دەبێت. هەروەها لەناو بەرهەمی ئەدەبیشدا ئەو جۆرە دەقە باڵایەمان هەیە، کە تێگەیشتن لێی کارێکی ئاسان نییە و بۆ هەموو خوێنەرێك خۆی نادات بەدەستەوە، شیعری کلاسیك سروشتێکی وای هەیە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری شیعرەکانی (مەولەوی) بکەین دەبینین، کە تایبەتمەندییەتی دەقی باڵا وەردەگرن، چونکە لە ڕووی واتا و بنیاتی هونەر و زمان و وشەکارییەوە بە ئاسانی خۆیان نادەن بە دەست تێگەیشتنی خوێنەرەوە، ئەو دەقانە ئاستێکی بەرزی هونەرییان هەیە لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە، کە ئەمەش دەلالەت لە شارەزایی و لێهاتوویی و ئاستی شاعیرەکە دەکات، بۆیە خوێنەری ئاسایی ناگات بە ئاستی شاعیر و دەقەکەش بەرزتر دەبێت لە ئاستی خوێنەرەکە بەمەش تێگەیشتن لێی دەستەبەر نابێت، لەبەر ئەوە ئەو دەقە شیعرەی مەولەوی خوێنەری باڵایی پێویستە چونکە دەقەکان پێویستییان بە لێکدانەوە و تەفسیرکردن هەیە.

لێرەدا خوێنەری باڵا بۆ دەقەکانی مەولەوی بریتین لەو شارەزا و پسپۆڕانە، کە خاوەنی باگراوندێکی فکری و ڕۆشنبیرین و شارەزاییەکی باشییان لە زمان و ئەدەب و فەلسەفە و ئایین و زانستە شەرعییەکان و ڕوداوە مێژووییەکان و بوارەکانی تر هەیە، وەکو (پیرەمێرد و مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، فاتحی مەلا عەبدولکەریم، مسعود محەمەد،...هیتر)، ئەوانە خوێنەری باڵان، ئیتر ئەم خوێنەری ئاست باڵایە دەتوانێت لەو دەقە ئاست باڵایانە بگات و دەقەکە شیبکاتەوە و تەفسیر و لێکدانەوەی بۆ بکات، دەقەکە دادەبەزێنێت بۆ ئاستی

sjh@univsul.edu.iq

خوێنەری ئاسایی و بەمەش ئەو جۆرە خوێنەرە دەتوانێت لەو ڕێگەیەوە لە دەقەکە تێبگات. واتە خوێنەری باڵا لە ڕێگەی لێکدانەوە و تەفسیرکردنی دەقەکە دەقێکی ئاست ئاسایی بەرهەم دێنێت بەمەش ناوبژیوانی دەکات لە نێوان ئاستی دەقی باڵا و ئاستی تێگەیشتنی خوێنەری ئاسایی ئەو لێکدانەوە و تەفسیرکردنە دەکاتە پردێك، کە خوێنەر لە ڕێگەی ئەو پردەوە بە دەقەکە دەگات.

٢-٢. ئاستی شیعرەکانی مەولەویی لەبەردەم تێگەیشتنی جۆرەکانی خوێنەردا

لێرەدا ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، بریتییە لە چەمکی (خوێندنەوە)، کە مەبەست لەو خوێندنەوەیە، هەمان ئەو خوێندنەوە ئاساییە نییە، کە هەر کەسێك لە ئاستی خۆیەوە دەتوانێت دەقێك بخوێنێتەوە، بۆیە لێرەدا خوێندنەوەی دەقی شیعری مەولەوی خوێندنەوەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی بەرهەمدارە، کە لەلایەن کەسێکی شارەزا و خوێنەرێکی ئاست بەرز دەخوێندرێتەوە، کە دواتر ئەم دەقە شیعرییە لە ڕێگەی لێکدانەوە یاخود شیکردنەوە و شەرح کردنەوە، پێشکەش بە کۆی خوێنەرەکانی تر دەکرێت.

شێواز و سروشتی دەقییەتی شیعرەکانی مەولەوی، لە ئاستی هزری و هونەریدا وایکردووە، کە شیعرەکان لە چوارچێوەی دەقی ئاست بەرزدا خۆیان بنوێنن، لە ڕووی پێوەرەکانی دەقێتی و بەرجەستەکردنی بنیاتە پێکهێنەرەکانی دەق، کە خۆی دەبینێتەوە لە (بنیاتی زمان و لادان و بنیاتە هونەرییەکان و ستاتیکا و ئارگیومێنت و مەبەست و دەلالەتی دەق و گونجان و دەقئاوێزان و چێژی دەق و ڕەگەزەکانی ئەدەب و جەمسەرەکانی پەیوەست بە دەق،...تاد)، گونجانی جۆرییەتی و چۆنییەتی ئەم بنیاتانە لە شیعری مەولەویدا قووڵایی بە دەقی شیعرەکان بەخشیوە. هەروەکو (ڤاندایك) ئاماژەی پێکردووە، ئەم بنیاتە پەیوەستە بە گونجانێکی بەهێز لە نێوان زمانی دەق و واتا و ڕەهەندە هونەرییەکانی دەقەکە و پەیامداری دەقەکە.

دەقی شیعری لە ڕووی زمان و هزر و هونەرییەوە زەرورییەت و ڕێگا پێدراوی تایبەت بەخۆی هەیە، کۆی بنەما و خاسییەتەکانی شیعر و توانای شاعیر لەم نێوەندەدا، دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی جۆرە دەقێك، کە ڕەنگە تێگەیشتن لێی بۆ هەموو جۆرە خوێنەرێك هەروا کارێکی ئاسان نەبێت، لەبەر ئەوەی دەقی شیعری وەك کۆگایەکە، کە ئاستی شاعیر و توانای هزری و زمانەوانی شاعیری لە چوارچێوەی شێوازی تاکەکەسی و سەردەم و نەتەوەیی هەڵگرتووە، بۆیە دەشێت ئاستی خوێنەر و شاعیر یەکسان نەبن بە یەکتر، بەڵکو زۆریش لە یەکترەوە دووربن. لەم ئەگەرەشدا خوێنەری ئاسایی ناتوانێت بە ئاسانی لە دەقەکەدا تێگەیشتن بە دەست بێنێت، مەولەویی و شیعرەکانی دەکەونە ناو ئەم هاوکێشەیە، بۆیە پێویستی بە هۆکار و وێستگەی ترە بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بگات بە مانای دەقەکە.

ئەم هۆکار و ویستگەیەش بریتییە لە خوێنەری ئاست باڵا، کە وەك لێکۆڵەر شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقەکە دەگرێتە ئەستۆ و دەقەکە وەردەگێڕێت بۆ فۆڕمی نووسینێکی ئاسایی لە ڕووی زمان و واتاوە، بەجۆرێك کە خوێنەری ئاستەکانی تر لەو فۆڕمە تێدەگەن و لەوێوە بە دەقی شاعیرەکە دەگەن. ئەمەش مەرج نییە لە هەموو جۆرە شیعرێك ڕووبدات، واتە هەموو جۆرە دەقێکی شیعری خاوەنی ئاستێکی باڵا نییە، کە بە هۆیەوە خوێنەر نەتوانێت خۆی ڕاستەوخۆ تێگەیشتن لە دەقەکە بەرهەم بێنێت، تێنەگەیشتنیش لە دەقێکی شیعری مەرج نییە تەنیا بۆ بەرزی ئاستی دەقەکە بگەڕێتەوە، سەرەڕای ئاستی دەق، دەقی شیعری هەمیشە بۆ هەموو جۆرە خوێنەرێك خۆی بەدەستەوە نادات، ئەم خۆبەدەستەوە نەدانەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێنەوە:

یەکەم: دەشێت بۆ ئاستی خودی شاعیرەکە بگەڕێتەوە، شاعیرەکە خاوەنی ئاستێکی زانستی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی بەرزە توانایەکی بەهێزی لە بەکاربردنی زمان و شیعرییەت و وێنەی هونەری هەیە، ئەم ئاستەی شاعیر بە جۆرێك دەکەوێتە سەرووی ئاستی خوێنەرەوە.

دووەم: دەشێت سەردەم و قۆناغە ئەدەبییەکە کۆن بێت و گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، لەم حاڵەتەشدا ئەم دەقە شیعرییە هەڵگری تایبەتمەندییە هزری و زمانی و هونەرییەکانی قۆناغی خۆیەتی، کە لەگەڵ سەردەمی خوێنەرێکی تر جیاوازی هەیە، بەمەش خوێنەر ناتوانێت بە ئاسانی لە دەقە شیعرەکە بگات.

سێیەم: شاعیر تایبەتمەندی نەتەوەیی و ناوچەیی ڕەمز و وێنە و سیما و کلتوری خۆی بە دەقی شیعری دەبەخشێت، کە بۆی هەیە لەگەڵ هەمان سروشتی ناوچەیی خوێنەر یەکسان نەبێت، بەمەش بێ بوونی شارەزایی خوێنەر لەم دۆخ و هەلومەرجە ناوچەییە بەربەست لەبەردەم تێگەیشتنی خوێنەر دروست دەبێت.

چوارەم:. گۆڕانی ژانرەکە بۆ ژانرێکی تر، کە بەهۆییەوە فۆڕم و زمان و ئاستی هزری و تەکنیك و خاسییەتە هونەرییەکانی دەقەکە گۆڕانی بەسەردادێت، ئەگەر خوێنەر ئاشنایەتی و شارەزایی لە خاسییەتەکانی جۆری یەکەمدا نەبێت، ناتوانێت بگات بە تێگەیشتنی دەقەکە.

ئەگەر لە سروشتی شیعرەکانی مەولەوی ورد بینەوە، ئەم هۆکارانە و هۆکاری تریش بۆی هەیە، ببن بە ڕێگر لەبەردەم تێگەیشتنی ڕاستەوخۆیانەی هەموو جۆرە خوێنەرێك لێیان، ئەگەر لە هۆکاری یەکەم وردبینەوە، کە بۆ شارەزایی و بەرزی ئاستی شاعیر دەگەڕێتەوە، ئەگەر لەژێر ئەم هۆکارە خوێندنەوە بۆ دەقی شیعری مەولەوی بکەین، دەبینین، کە بەشێك لە بەرزی ئاستی دەق و خۆبەدەستەوەنەدانی شیعرەکانی مەولەوی بەمەوە پەیوەستە، سەبارەت بە مەولەوی بەر لە هەموو شتێك ئەو زانیارییە بایۆگرافی و مێژووییەمان لە بەردەستدا هەیە، کە ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، مەولەوی خاوەنی ئاستێکی بەرزی مەعریفی و ڕۆشنبیری بووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی ژینگەی خویندەواری کورد، تا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە کوردستان لە مزگەوتەکاندا بووە، کە ناوەندێکی ئایینییە و بابەت و زانستە خوێندراوەکان پەیوەستبوون بە ئایینی ئیسلامەوە، لەم قۆناغەدا حوجرە وەک ناوەندی فکری و ڕۆشنبیری کۆمەڵگای کوردی بووە، لەم شوێنەدا زانستە شەرعییەکان و بابەتەکانی پەیوەست بە بەڕەوانبیژی و زمانەوانی عەرەبی دەخوێندران، تا لە دوا قۆناغدا، فەقێیەکە بڕوانامەی

دوازدە عیلمە مەلایەتی وەردەگرت، دەبوو بە مەلا، (مەلا لەو سەردەمەدا ئەمە خوێندەوار و ڕۆشنبیر و زانای ناوچەکە بووە و قیادەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای کوردییان کردووە، هەروەها لە هەندێك لە مزگەوتەکاندا، لە پاڵ بابەتە دیاریکراوەکاندا، ئەدەب و بابەتە فەلسەفییەکان و مادەی تریش دەخوێنران، بەشێوەیەکی تێکەڵاو سەرەتایی بۆ نموونە بابەتە زانستییەکانی وەك "گەردوونناسی، بیرکاری، فیزیا، کیمیا،...تاد"، هەموو بابەتەکانیش لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئیسلامیدا، کە لە مزگەوتەکان دەخوێنران، بۆیە ئەگەر سەیر بکەین دەبینین، کە خوێندەوار و مەلای ئەوکات، سەرەڕای بابەتە ئایینییەکان زانیارییەکی مەوسوعی هەبووە)(مەلازادە، ٢٠٢٠، ل٢١٠). سەرەڕای شارەزاییان لە بابەتە شەرعی و فیقهییەکانی ئایینی ئیسلام و بابەتی تر، ئەوا شارەزایی بابەتە زمانەوانییەکان بوون و چەندین زمانیان زانیوە.

بەم جۆرە مێژووی ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ڕاستی لێهاتوویی و شارەزایی مەولەوییان بۆ سەلماندووین، مێژووی ئەدەبی کوردی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە سەردەم و ژیانی شاعیر و قۆناغەکانی خوێندنی شاعیر و بابەتەکانی پەیوەست بەم مەسەلەیەوە، ڕەخنەی ئەدەبیش لە ڕێگەی شیکردنەوە و کارکردن لە ناو بەرهەم و دەقی شیعری شاعیرەکاندا، ئاستی شارەزایی شاعیرییان لە بوارە جۆرا و جۆرەکان دەرخستووە، لەم دوو ڕێگەیەوە، وردەکاریی و ئاستی زانیاری و شارەزایی مەلەوییمان بۆ دەردەکەوێت، ئەمە هۆکارێکە کە وای کردووە، دەقی شیعری مەولەوی ئاستێکی بەرزی هەبێت، لەبەر ئەوەی بەرزی ئاستی ئەدەبی و مەعریفی شاعیری لەخۆ گرتووە، بۆیە هەموو جۆرە خوێنەرێك ناتوانێت بە ئاسانی تێگەیشتن لێی بە دەست بێنێت.

جگە لەم هۆکارە هۆکارەکانی تریش دێنە پێشەوە، کە وای کردووە هەموو خوێنەرێک نەتوانێت بە ئاسانی لە دەقی شیعری مەولەوی بگات، ئەویش بریتین لە (گۆڕانی سەردەم و قۆناغە ئەدەبییەکە، تایبەتمەندی کلتووری ناوچەیی لەگەڵ گۆڕانی شێواز و خاسییەتە هونەرییەکانی دەقەکە)، چونکە بەم گۆڕانانە ستراتیژییەتی دەق و کۆی ڕەهەندەکانی تری پەیوەست بە دەقەکە گۆڕانی بەسەدادێت، کە یارمەتی دەرن بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە، وەك ژینگەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی و زمانی دەربڕینی دەق، بەمەش خوێنەر زۆر لە ژینگەی دەق و سروشتی ئەو جۆرە دەقە دوور دەکەوێتەوە، کە بەبێ شیکردنەوە و لێکدانەوە ناتوانێت بە هەمان تێگەیشتن و تایبەتمەندی هزری و هونەرییەکانی دەقەکە بگات. چونکە شیعری مەولەوی لە هەموو ڕوویەکەوە خاوەنی سروشتێکی کارتێکراوی ئایینی و ناوچەیی و ئەدەبی سەردەمەکەیەتی، بۆیە دەبێت لە پاڵ شارەزایی ئەم ئایینە، کە بریتییە لە ئایینی ئیسلام و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی. تایبەتمەندییەکانی شێوازی سەردەم و شێوازی نەتەوەیی لە دەقە شیعرییەکانی بڕوانین. بوونی ئەم هۆکارانە لە شیعری مەولەویدا، وای کردووە شیعری شاعیر ببێت بە دەقێکی ئاست باڵا، خاوەنی بنیاتێکی قووڵ بێت، کە خوێنەری ئەم سەردەمە و خوێنەری ئاسایی ناتوانێت هەر بە خوێندنەوەی ئاسایی ڕاستەخۆ لەو دەقانە تێبگات.

مەولەوی شاعیرێکی فرە بەرهەمە کۆمەڵێک بەرهەمی شیعری هەیە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی، بۆ نموونە بەرهەمێکی شیعری بە ناوی (الفوائح)ە، کە بەزمانی فارسییە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەربارەی بیر و باوەڕی موسوڵمانانە. بەرهەمێکی تری شیعری بە ناوی (الفضيلة)یە، کە خۆی لە (2031) دێرە شیعردا دەبینێتەوە، کە دەربارەی زانستی ئوصووڵی دینەوەیە، ئەم بەرهەمانەش لە ڕووی ئاستی دەقییەتییەوە ئاستێکی باڵای مەعریفی و هونەرییان هەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی بەزمانەکانی فارسی و عەرەبی نووسراون، جەختییان لەسەر ناکەینەوە، زیاتر جەخت لە ئاستی دەقە شیعرە کوردییەکانی دەکەینەوە، سەرەڕای دەقە شیعرە لیریکییەکانی مەولەوی، کە لە دیوانێکدا خۆیان بەرجەستە دەکەن، هەروەها بەرهەمێکی شیعری ترشی هەیە بە کوردی بە ناوی (العقيدة المرضية)، کە لەسەر بابەتی زانستی کەلام و بیروباوەڕی ئایینی ئیسلامی و ڕێچکەی ئەشعەرییەوەیەوە. کە خۆی زیاتر لە دوو هەزار بەیتەوە، بەهای دەقییەتی شیعرەکان لە ڕووی پەیامداری و بنیاتی هونەری و ڕەوانی و جوانییەوە دەقی ئاست باڵان و خاوەنی بنیاتێکی قووڵی دەقبوونن. هەروەکو "فاتح مەلا عبدالکریم مدریس" دەڵێت: ("عەقیدەی مرضیە" وەك (الفضيلة) و (فوائح)ە، سەرێکی هەیە و هەزار سەودا، لایەک ئاین و بیرو باوەڕی ئایینییە، لەگەڵ ئەو هەمووە ئەملاولاو ڕێیازە جیاوازانەدا، کە لێی بووەتەوە لایەک صۆفییەتییەکەی ئەم شاعیرە بەڕێزەیە، کە مۆرکی بە گەلێک لە شاعیرەکانییەوە هەیە، ڕاستە عەقیدەی مەرضییەی مەولەوی و ئەوانی تریشی لە خانەی شیعری تەعلیمی دادەنرێن، واتە زانیارییەک لە زانیارییەکان فێری خوێنەر دەکەن، کە لێرەدا زانیاری کەلام و بیروباوەڕی ئایینی ئیسلامە، بەڵام لە هەر لایەک سۆزێکی هاتبێ، لە هەر لایەک دەلاقەیەکی ڕووناکییە تایبەتییە شاعیرانەکەی لێ کرابێتەوە، لە هەر ساتێکدا تاوێکی بە تینی بەرکەتی خودایی بەسەریا بارییێ قەریحەی شیعری تەقیوەتەوە و هەستی ئەفسووناوی کەوتووتەکار و خۆشی و خوێنەریشی نوقمی دەریای خەیاڵی قووڵی کردووە، خۆ باسی بە هێزی مەعنای شیعرەکانی و بەکارهێنانی دەیان لایەنی ڕەوانبێژی و جوانکاری و وشەئارایی ناکرێ، کە بەراستی گۆی لە مەیدانا بردووتەوە)(عقیدەی مرضیە/ مدریس، ١٩٨٨، ل١٣ـ١٤). لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقی شیعرەکانیی مەلەوییەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شاعیر شارەزایی لە زانستە جۆربەجۆرەکاندا هەبووە، ئەم ڕاستییەش لە شێوازی خستنەڕووی بابەت و ماددە زانستییەکان و بەرجەستەکردنی چەمك و زاروە و دەستەواژە زانستییە جیاجیاکان لە ناو دەقە شیعرییەکاندا روون دەبێتەوە، هەروەها مەولەوی لە کێشانی وێنە و وردی خەیاڵ و وردەکاری زمان و لە دەق هاویشتنی بنیاتە هونەرییەکان و توخم و بابەتی زانستەکانی ترەوە، لێهاتوویی و توانایەکی زۆری هەبووە، بە جۆرێکی زۆر شارەزاییانە مامەڵە لەگەڵ هەموو زانست و زانیارییە دەکات و بەجۆرێك ئەو بابەتە زانستییانەی لە ناو خەیاڵ و وێنەی هونەری و شیعریدا دەتوێنێتەوە. هەروەکو (محەمەد ئەمینی ئەردەلانی) لە لێکدانەوەی دیوانی مەولەویدا دەڵێت: (شاعیرییەتی مەولەوی گەیشتۆتە سنوری ئیعجاز و ئیبداع، کێ توانیوێتی شیعری فێرکردن "الشعر التعليمي" بە شێوەیەکی کاریگەر داڕێژێت و کار بکاتە سەر هەست و دڵ و دەروون؟ چاوێک بگێرە بە "باوەڕنامە"کەیدا، کە بە زاراوەی جافی جوانڕۆیی دای ڕشتووە و لە "زانستیی کەلام"

sjh@univsul.edu.iq

ئەدوێت، ئەوکاتە بۆت دەردەکەوێت، کە چۆن ئەو بابەتە وشکە عیلمییەی هۆنیوەتەوە و هەست دەبزوێنێ و دڵی مرۆ پاراو ئەکات، ئەمەش جگە لە شێوەی داڕشتنی دیباچەکەی کە بە وێنە و دیمەنی کەس نەدیوەوە خستوویەتیە ناو چوارچێوەیەکی داهێنانەوە)(دیوانی مەولەوی/ ئەدەڵانی، ١٩٩١، ل١٣). ئیتر دەقی شیعری مەولەوی لە ئاستێکی بەرزدا لە پاڵ ئەرکە مەعریفی و زانستییەکەی، ئەوا ئەرکی چێژ و سۆزداریی و هونەریشی بینیوە، بە پێچەوانەشەوە.

خوینەری شارەزا و هێرمۆنۆتیکایی شیعرەکانی مەولەویی

شیعرەکانی مەولەوی بە هۆی بنیاتی هونەری و ژێرخان و باگراوەندی مەعریفی دەقەکان و ئاستی هزریان، خاوەنی بنیاتێکی قووڵن، شیعرەکان چەمکی دەقی ئاست باڵا وەردەگرن، ئەمەش وای کردووە، کە هەموو جۆرە خوێنەرێک نەتوانێت ڕاستەوخۆ بێ پێوەند و هۆکار تێشگەیشتنی تەواو بەدەست بهێنێت و بە قووڵایی مانا و دەلالەتەکانی دەقەکان بگات. واتە هەریەکە لە خوێنەری ئاست نزم و خوێنەری خێرا و خوێنەری ئاسایی بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان پێویستیان بە جۆرە خوێنەرێکە، کە خوێنەری ئاست بەرز و شارەزایە، بۆ ئەوەی شیعرەکان لەئاستی وشە و واتادا لێکبداتەوە، ئیتر لە ڕێگەی ئەم لێکدانەوەیە هەموو خوێنەرێک دەتوانێت ئامانجی تێگەیشتنی خۆی لەسەر دەقەکە بپێکێت. بۆیە ئەگەر سەیری بەرهەمە شیعرییەکانی مەولەوی بکەین دەبینین، کە لە لایەن کۆمەڵێک خوێنەری شارەزا و لێهاتوو و پسپۆڕ بە شێوەی جیاجیا شیعرەکانی مەولەوی کاری لەسەر کراوە، کە ئەمەش هەر تەنیا بریتی نییە ساغکردنەوەی بەرهەمە شیعرەکانی، بەڵکو لێکدانەوە و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەشی لەخۆ گرتووە، لە هەر دێڕێکدا وشەکانی بە تەنیا واتایان خراوەتەڕوو دواتر ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ دێڕەکە کراوە، ئینجا ئاماژە بە بەشێك لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی ئەم دێڕە کراوە، دواتر جیاوازی وشەکانی ئەم دێڕە لەگەڵ دەستنووسەکانی تر خراوەتەڕوو. ئەم شێوازی کارکردنە لە دیوانی شاعیرانی کلاسیك پەیڕەو کراوە. بەرهەمەکانی مەولەوی بە شێوازی جیاواز و لە ژێر چەمکی جیاجیای وەك (ساغکردنەوە، کۆکردنەوە، ڕیکخستن، لێکدانەوە، لێکۆڵینەوە، شەرحکردن و شیکردنەوە، وەرگێران بۆ شێوەزاری سۆرانی...تاد)، لە لایەن شارەزایان و خوێنەری ئاست باڵا پێشکەش کراوان و ڕوونکردنەوەی پێویستییان لە بارەیەوە دراوە. وەک: (پیرەمێرد، محی الدین صبری مشکانی، مەلا عەبدولکریمی مودەریس، فاتح عبدالکریم مدریس، محەمەد ئەمینی ئەردەلانی)، لێرەدا ئەم خوێنەرانە ڕۆڵی خوێنەری شارەزا دەبینن، ئەرکی بە یەک گەیاندنی خوێنەری ئاسایی و دەقە شیعرەکانی مەولەویی جێبەجێ دەکەن، بەم جۆرە لێکۆڵەر وەك خوێنەرێکی ئاست باڵا هەموو زانراوەکانی خۆی لەسەر دەقەکە خستووتەڕوو لە ڕووی زمان و مانای فەرهەنگی وشەکان و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە و بەراوردکردن و خستنەڕووی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و کێشی شیعرەکە، هەروەها چەمک و بابەتە هزری و زانستی و وێنەی شیعری و ڕەهەندە هونەرییەکانی شیعرەکە شیکردنەوەیان بۆ کراوە، لەم ڕێگەیەشەوە خوێنەرەکانی تر دەستیان بە قووڵایی مانا و بنیاتەکانی تری دەقەکە دەگات. واتە خوێنەری ئاسایی بە پشت بەستن بە توانا و شارەزایی خۆی مانا و لایەنە شاراوەکانی ئەو دەقانەی بۆ دەستەبەر ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە ناوبژیوانێك هەیە، کە بریتییە لە خوێنەر و لێکۆڵەرێکی ئاست باڵا، بۆ ئەوەی چارسەری تێگەیشتنی ئەم دەقە ئاست بەرزانە بکات، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم خوێنەرە هەڵدەستێت بە ساغکردنەوەی دەقەکان و گۆڕینی شێوازی دەستخەت و ڕێنووسی کۆن بۆ ڕێنووسی نوێ و شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ دەقەکان دەکات، ئیتر لە ڕێگەی ئەو لێکدانەوە و شیکردنەوەیە خوێنەری تر بە مانا و لایەنەکانی تری دەقەکە دەگەن.

بۆ ئەوەی لە ئەرک و ڕۆڵی خوێنەری شارەزا بگەین، پێویستە چۆنییەتی و شێوازی خوێندنەوەی دەقی قووڵ لەلایەن ئەم خوێنەرە بخەینەڕوو، لێرەدا وەک نموونە ئاماژە بە بەرهەمی شیعری (عەقیدەی مرضیەی) مەولەوی دەکەین وەک دەقێکی ئاست باڵا. ئەم بەرهەمە کە لەلایەن خوێنەرێکی شارەزاوە خوێندنەوەی بۆ کراوە و لەو ڕێگەیەوە کۆی خوێنەرەکانی تر دەگات، ئەم بەرهەمە لەلایەن (مەلا عبدالکریم مدرس و فاتح عبدالکریم)، خوێندنەوەی بۆ کراوە و بەجۆرێک شەرح و لێکدانەوەی شیعرەکان لە لایەن (مەلا عبدالکریم)ەوەیە، کاری پێداچوونەوە و داڕشتنەوە و زانیاری پەراوێزەکان و پێشەکی (فاتح عبدالکریم)، ئەنجامیداوە، ئەوانە وەک دوو خوێنەری شارەزا ویستوویانە لەو ڕێگەیەوە بنیاتی قووڵی مەعریفی و هونەری دەقەکان بخەنەڕوو، هەروەکو خۆیان لە لێکدانەوەکەدا ئاماژەیان پێکردووە، کە ئەم جۆرە کارانە کاری یەک کەس نین، لە ڕاستیدا دەبێت بە کۆمیتەیەکی لە زۆر لاوە زانا و وریا بە ئەنجام بگەیەنرێت، هەروەها (مەلا عبدالکریم مدرس) خۆی ئاماژەی بەوە کردووە، کە لە کاری لێکدانەوە و شەرحکردنەکەدا سوودی لە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی و هونەری گەورە وەرگرتووە، وەکو شەرحی مەقاصدی سەعدی تەفتازانی و شەرحی مەوافیقی "عضدالدین ئیجی" شەرحی "جلال الدینی دەووانی"، لە عەقایدی "عضدیە" و شەرحی "سەعدی تەفتازانی" لە عەقایدی نەفسییە و هەندێ سەرچاوەی تر.(مدریس/ عقیدەی مرضیە، ل٢٥).

لێکۆڵەرانی ئەم بەرهەمە دوای خستنەڕووی کۆمەڵێك زانیاری جۆراوجۆر لە پێشەکییەکەی درێژدا لەسەر شاعیر و بەرهەمەکە، ئینجا دەست کراوە بە لێکدانەوەی شیعرەکان، کە لەچەند مەبحەسێک پێک دێت، لەهەر مەبحەسێک ئەو دێڕە شیعرانەی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، دوای مانای وشە و چەمکەکان و مانای دێڕەکان بەیەکەوە شەرح و لێکدانەوەیان بۆ کراوە، لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەک دەکەین، کە بەم شێوەیە:.

مبحث الایمان

تـــــە عریفـــــــی ئیمان، شرعا طـــالبی

تە صدیقە و ئیذعان، قوبوولی قە لبی

sjh@univsul.edu.iq

بمـــــا قـــد عــــلم مجــــيء النبي
بــــــه مــــن عند الـــباريء الـــرب
ئیعتیقادی بــــی یاخـــو عەمـــــەلی
عیلمی ضـــەرووره ت بوێ دەگەڵی
وا بـــــەدیهی بــــــی بزانی یـــــەقین
عامیی تێکەڵیـــچ دەگەڵ مـــوسلیمین (عقیدەی مرضیه، ل37).

لەسەرەتای پرۆسەی شەرح و لێکدانەوەی شیعرەکاندا، مانای چەمکەکەکان دەخرێتەڕوو بەم شێوەیە:. (تەصدیق: باوەڕکردن ئیذعان وەرگرتن و باوەڕکردن. ضەروریچ: ضەروریش، ئاشکراو دیار. بوێ: ببێ. دەگەڵی لەگەڵیا. بەدیهی: ئاشکراو دیار. تێکەڵێچ: تێکەڵیش)(هەمان سەرچاوە، ل37). ئینجا دێتە سەر شەرحکرن و لێکدانەوەی بابەتە فیقهی و ئوصوولییەکانی ناو دێڕە شیعرەکان، بەم جۆرەی کە لە دێڕە شیعرەکاندا هاتووە، وەکو کەسێکی شارەزا و پسپۆڕ لەم بوار و مەیدانەدا زانیاری و لێکدانەوەی پێویست بۆ خوێنەری ئاسایی دەخاتەڕوو، هەروەکو لەشەرحی ئەم چەند دێڕەدا دەڵێت: (واتە : ئەگەر دەتەوێ لە واتای (ئیمان) تێبگەی بەپێی شەرع، بزانە کە ئیمان باوەڕە و وەرگرتنی دڵە بۆ ئەو یاسا و دەستوورانە و ئەو ڕاستیانەی، کە پێغەمبەری نازدار (محمد المصطفى) دروودی خوای لێبێت، لای خواوە هێناونی، چ لە بابەتی بیروباوەڕ بن وەك باوەڕ بە بوون و یەگانەیی پەروەردگاری (واجب الوجود)، یا لە بابەتی کردەوە و ڕەفتار بن، وەکو نوێژ و ڕۆژ و زەکات و حەج یا لە بابەتی خوو ڕەوشتبن وەکو ڕاستی و خوگرتن و شەرم یا لە بابەتی سەرگوزەشتە بن وەکو باسی نەتەوە پیشوەکان یا لە بابەتی کاروباری ئاییندە بن وەکو ئەو نیشانانەی لە مەولا دەبن. جا ئەو یاسایانە کە حەزرەت هێناونی پێویستە ئاشکرا و دیاری بن، نەك هەندی کەس بڵێ ئەوشتە لەوانەیە حەزرەت بەیانی کردووە و هەندێ کەس بڵێت بەیانی نەکردووە، پێویستە ئەوەندە دیاری بن (عوام الناس)یش پێ بزانن)(هەمان سەرچاوە، ل٣٧).

لە دێڕەکانی تری ئەم بەشەدا بابەت و چەمک و زاراوەکانی پەیوەست بابەتی ئیمان بە قووڵی لێکدەداتەوە، چەندین زانیاری لەسەر ئەو بابەتە ئاماژەی پێکراوە و چەندین ئایەتی قوڕئان و فەرموودەی پێغەمبەر "دروودی خوا لێبێت" وەک بەڵگەی سەلماندن خراوەتەڕوو، هەروەها ئاماژە بە جیاوازی و بۆچوونی زاناکان و بەڵگەکانیان لەم بارەیەوە کراوە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری مەبحەثی (الوجود والوجوب) بکەین، ئەم شێوازە بە ڕوونی دەکەوێتە بەرچاو، بەم شێوەی خوارەوە:.

نــــــەظەر (عادة) مەعریفەت دەدات
تەصدیق بە وجوودبە وجووبی ذات
بەصیفاتی پـــــاک سەلبی و ثبووتی
بە قـــەدەر طاقەت قووەی ناسووتی
هیـــــچ بە موعەللیم حاجەت ناکەوێ
ئەگەرچی بە ئەو ئـــاسان تر دەوێ (عقیدەی مرضیه، ل٥٩)

لە رووی ناوەرۆکەوە ئەم دەقانە بنیاتێکی زۆر قووڵی هەیە، کۆمەڵێک بابەت و چەمکی پەیوەست بە زانستی کەلام و فەلسەفەی ئیسلمی لەخۆی گرتووە، کە لە توانا و لێهاتووی خوێنەری ئاساییدا نییە، کە بە مانا و دەلالەتە مەعریفی و زانستییەکانی پەیامی دەقەکان بگات، بۆیە لێکۆڵەر وەک خوێنەرێکی شارەزا و ئاست بەرز بە بنیاتە قووڵەکانی دەقەکەدا شۆڕ دەبێتەوە، زانیاری و ڕوونکردنەوەی پێویست لەسەر دەقەکەی بەرهەم هێناوە، کە ئەمە دەبێتە پردی بە یەکگەیشتنی خوێنەری ئاسایی لەگەڵ دەقە شیعرەکانی مەولەوی. بۆ نموونە ئەم چەند دێڕە شیعرە کە کۆمەڵێک بابەتی خیلافی هەڵدەگریت هەموو خوێنەرێک ناتوانی بە ئاسانی لێی تێبگات، بەبێ شەرح و لێکدانەوەکەی مانای دەقەکان، بۆیە کاتێک لیکدانەوەی شییعرەکان دەخوێنینەوە، ئاڵۆزی و بەربەستی تێگەیشتن دەشکێت و ئاسۆی تێگەیشتنەکان ڕوون دەبێتەوە، بۆ نموونە، کاتێک واتای ئەم چەند دێڕە بەم شێوەیە دەخرێتەڕوو: (لەم شوێنەدا چەند باسێک هەیە، یەکەم (نظر) لە عورفی زانایانی ئوصوولدا، سەرنجدانە لەشتی زانراو بۆ زانینی شتی نەزانراو، جا ئەگەر زانراوەکە(تصوری)بێ ئەوە دەبێتە هۆی زانینی شتی (تصوری) وەک (تعریف) کە دەبێتە هۆی ناسینی (معرف) بۆ نموونە بە (الحیوان الناطق) ئینسان ئەزانرێ، خۆ ئەگەر زانراوەکە (تصدیقی) بێ ئەوە دەبێتە هۆی زانینی نەزانراوی (تصدیقی) وەک دەلیل کە دەبێتە هۆی زانینی (نەتیجە). دووەم: کە دەڵێت "نەظەر (عادة) مەعریفەت دەدات"، بەرچەرچی قسەی ئەو کەسانەیە، کە وتوویانە (نظر) لە عەقڵیاتدا سوودی نییە و نەزانراوی پێ نازانرێت، تەنیا لە (حسیات)دا سوودی هەیە، هەروەها ڕەدی قسەی ئەو کەسانەشە، کە وتوویانە (نظر) لە عەقڵییاتدا بەسوودە بە مەرجێک لە ئیلاهیاتدا نەبێت، وەکو باسی صیفات و زاتی خوای گەورە، چونکە لەبەر زۆری جیاوازایی بیروڕا و ناکۆکیی بێ ئەندازەیان سوودی نابێ، دیسان ڕەدی قسەی ئەو کەسانەیە کە وتوویانە (نظر) لە عەقڵیاتی ئیلاهیدا سوودی هەیە بەڵام بەو مەرجە مورشید ئەو نەظەرە بکات یان لە ژێر چاودێری ئەودا بێ، چونکە هەر مورشیدی مەعصووم ڕێگەی نەظەر و ئیستیدلال ئەزانێ.(مدریس/ عقیدەی مرضیه، ل59). خوینەری ئاسایی دەتوانێت بە مانای دەقەکان بگات، چونکە لەم لێکدانەوانەدا لێکۆڵەر چەمک و بابەتەکان بە شێوەی جۆراوجۆر ڕوون دەکاتەوە و جیاوازی و ڕای زاناکانی ئوصوول و فیقهی و زاناکانی کەلام و ڕێبازە شەرعییەکان و فەلسەفەی ئیسلامی دەخاتە بەرباس، ئەگەر خوێنەری ئاسایی پشت بە سەرچاوە و لێکدانەوەی ئەم

جۆرە خوێنەری شارەزایە نەبەستێت، ناتوانێت بە بۆشاییەکانی ناو دەقەکە بگات، بەهۆی جیاوازی ئاسۆی مەعریفی شاعیر و خوێنەرەکە، بۆیە کاتێک شەرح و لێکدانەوەی شیعرەکە دەبینین، تێگەیشتنمان لەسەر مەبەست و مەعریفەی دەقەکە لا دروست دەبێت.

خوێندنەوەی خوێنەری شارەزا لەسەر دەقەکە، تەنیا بریتیی نییە لە لێکدانەوە بەمانای تەئویل و بەس، بەڵکو لێکدانەوەیەکی ئینتیاعی و فرە لایەنە، کە خۆی لە خستنەڕووی (واتای فەرهەنگی وشەکان و شیکردنەوە و شەرحکردن و لێکدانەوە و بەراوردی وشەی ناو دەستنووسەکان و خستنەڕووی هونەرەکانی ڕەوانبێژی) دەبینێتەوە، بۆیە وشەی (شەرح و لێکدانەوە)، کە لەسەر دیوانەکان نووسراوە زیاتر بەو مانایە گشتییە دێت، کە ڕوونکردنەوە و زانیاری فرە ڕەهەند لەخۆی دەگرێت لە پێناو ئەوەی بتوانێت مانای شیعرەکە بە خوێنەرێکی ئاسایی بگەیەنێت، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی ئەدەبی زۆر گەورەیە، چونکە بە هۆیەوە دەقێکی ئاست باڵا، کە خۆی بە دەستەوە نادات لە ڕووی تێگەیشتنەوە ڕوون دەکرێتەوە و مانای ئەو دەقە ئاڵۆز و گرانە بە فۆرمێکی ئاسایی و دەربڕینێکی سادە دەخرێتەڕوو، بۆ خوێنەری ئاسایی و خوێنەری داهاتوو لە سەردەمێکی تر.

ئەمە سەبارەت بە بەرهەمە شیعرییەکانی عەقیدەی مەرضیە، کە مەبەستێکی فێرکاری هەیە و ناوەرۆکەکەی ئاستێکی مەعریفی باڵای هەیە و چەندین چەمک و بابەتی زانستی شەرعی و عەقیدە و بوارەکانی زانستی کەلام و فەلسەفەی ئیسلامی لەخۆی گرتووە، بۆیە خوێنەری ئاسایی لە ڕێگەی خوێنەری شارەزاوە بە مەبەستی دەق و شاعیرەکە دەگات، کە پێشتر خۆی دەرفەتی تێگەیشتنی دەقەکە نەدەهات، ئینجا دوای ئاشنا بوونی خوێنەرەکان بە مانای شیعرەکان دەشێت هەنگاوی تر بێتە پێشەوە، کە بریتییە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی و میتۆدی لە چوارچێوەی مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەیی ئەدەبی، کە بۆی هەیە خوێنەر لە ڕوانگەی میتۆدی مێژووی یان میتۆدی کۆمەڵایەتی یان میتۆدی دەروونی یاخود میتۆی بنیادگەری و میتۆدەکانی تر لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی شاعیرێك بکات.

ـــ سەبارەت بە دیوانی شیعری مەولەوی، کە خۆی لە کۆمەڵێک دەقی شیعری لیریکی دەبینێتەوە، شیعرەکانی مەولەوی لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە خاوەنی خاسییەتی هونەری و هزری تایبەت بەخۆیانن، کە بنیاتی شیعرەکانی مەولەوییان پێکهێناوە، مەولەوەی لە شیعرە لیریکەکانیدا تایبەتمەندی کەسی خۆی هەیە، کە خۆی لە بەکارهێنانی ئەو بنیاتانەدا دەبینێتەوە، (زمانێکی پاراو، خەیاڵێکی قووڵ، بیرێکی ورد، وێنەی نوێی شیعری، هەست و سۆزێکی کارێگەر، بەهاداری لە مەبەست و پەیامدا، جوانکاری، چێژی ئەدەبی، هونەرەکانی ڕەوانبێژی،....هیتر)، جۆرییەتی و چۆنییەتی ئەم تایبەتمەندییە هزری و هونەرییانە و شێوازی مامەڵەکردن و بەکارهێنانیان لەلایەن مەولەوی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، هەر ئەمەش بووە بە شوناسی شێوازی تاکە کەسی شیعرەکانی مەولەوی.

ناوەرۆکی شیعری مەولەوی لە چوارچێوەی باگراوەندی مەعریفی و هەست و سۆزی شاعیردا، دەخولێتەوە و ئەو ناوەرۆکە گوزارشتکردنە لە هەست و سۆزە جیاجیاکانی شاعیر، ئینجا ئەم سۆزە بۆ لایەنی دڵداری بێت، یان بۆ ئایین و تەریقەت بێت، یان بۆ کەسایەتی و بابەتی تر بێت، لە وێنەیەکی خەیاڵی و فۆڕمێکی هونەریدا خۆی دەنوێنێت، بۆیە ئەو ئەو ڕەهەندەی شیعریی مەولەوی لەسەر دامەزراوە، زیاتر بیری ئایینی و لایەنی سۆزداری شاعیرە، لەبەر ئەوە ئیتر ناوەرۆکی مەولەوی پەیوەستبووە بە سۆز و خواستی کەسی و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سروشت و ژینگەی ئایینی. لە ڕووی هونەری و وێنە و کەرەستەی جوانکاری و بابەتە ئیستاتیکییەکانی پەیوەست بە شیعرییەتەوە، مەولەوی خاوەنی چەندین داهێنانی وینەی شیعری تایبەت بە خۆیەتی، دەقە شیعرەکانی قووڵاییەکی هونەری و هزریان هەیە، ئەمەش ڕاستییەکە لەلایەن خوێنەری پسپۆر و شارەزاو و لێکۆڵەرەکانەوە سەلمێنراوە، وەکو (پیرەمێرد، گۆران، دیلان، عەلائەدین سوجادی، شێخ محمد خاڵ، مەلا عبدالکریم مدریس، محمد ئەمین ئەردەلانی، مارف خەزنەدار،....هیتر). هەموو ئەمانە بەشێوەی جۆراوجۆر باسییان لە ئاستی دەقەکانی شیعرەکانی مەولەوی کردووە، هەروەکو "عەلائەدین سجادی" دەڵێت: (هەموو زمان قەڵەمێک دان بەوەدا دەنێ، کە فکری بەرزی مەولەوی لەسەرووی هەموویانەوەیە، ناسکی خەیاڵ، تیژی بیر و وردی مەعنا و جوانیی وشە و ڕاکێشانی دڵ بە عیباراتی ڕەنگین و بزواندنی تەلی عاتیفە مەگەر هەر لە دەست مەولەوی هاتبێ)(سجادی، ١٩٧١، ل٢٥٣). ئیتر ئەوانە هەر یەکە بەجۆرێک باسی قووڵی دەقە شیعرەکانی مەولەوی دەکەن، بەشێکیان بە کاری لێکدانەوە و شیکردنەوەی شیعرەکان هەڵساون، لەو ڕێگەیەوە وردی و نهێنی و بۆشاییەکانی دەقە شیعرەکانی مەولەوییان خستووتەڕوو، بەمەش هەلی تێگەیشتنیان بۆ خوێنەری ئاسایی ڕەخساندووە، چونکە شیعرەکان بەهۆی قووڵی بنیاتە پێکهێنەرەکانیان و ئاستی دەقییەتیانەوە، بە ئاسانی خۆیان بە دەستەوەنادەن لە ڕووی تێگەیشتنەوە، هەر بۆیە دەبینین، کە (مەلا عبدالکریم مدریس)، کە کاری لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی دیوانی مەولەوی ئەنجامداوە، وەک خوێنەرێکی شارەزا ئاماژەی بەوە کردووە و دەڵێت:

(مەعنای ئەو وشانەم لێکداوەتەوە، کە بە ئاسانی نازانرێن یا تەنها هەر لە شیوەی شیعری کۆنمانا بەکارهێنراون. وە ئەگەر مەعنای شیعرێک تەنها بە لێکدانەوەی مەعنای وشە گرانەکانی نەزانرێ، پوختەی مەعنای ئەو شیعرەشم لێکداوەتەوە، وە ئەگەر مەعنای چەند شیعرێک بەسترابێ بەیەکەوە مەعنای هەموویانم لە ئاخر شیعریانا پێکەوە لێداوەتە)(مدریس/ دیوانی مەولەوی، ١٣٨٦، ل٧). دیارە لێرەدا مەبەست لە چەمکی (لێکۆڵنەوە و لێکدانەوە) بریتییە لەو زانیاریانەی، لە پێشەکی دیوانەکاندا خراونەتەڕوو، کە زانیاری هەمەجۆرە لەسەر ژیان و دەستنووسەکان و بەشێك لە هۆکاری نووسینی شیعرەکان و دەرخستنی هەندێك لایەنی بەراوردی، ئەمەش لەسەر بنەمای میتۆدی مێژوویی نەڕۆیشتووە بەڕێوە، بەڵکو پشتی بە ڕێبازی بایۆگرافی شاعیرەکە بەستووە وەك کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ژیاننامە و کەسێتی شاعیر و سەرگوزشتەی ژیانی لە ڕێگەی دەستنووس و بەڵگە دەست کەوتووەکانەوە، بەم جۆرە نووسەر کۆمەڵێک زانیاری وەکو سەرچاوە بەکاردەهێنێت، لەگەڵ ئەزموون و لێهاتوویی ئەدەبی خۆی بۆ ئەوەی مانا و بنیاتە قووڵەکانی دەقەکە بخاتەڕوو، بۆ نموونە ئەگەر سەیری لێکدانەوەی ئەم دەقە شیعرەی خوارەوە بکەین.



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هیچ کــــەس نەواچۆ وە فـــەرهاد رەندەن
نەقش شیرینش نـــە رووی شەنگ کـەندەن
دەک رێزان دەس با وەر جــە گیان سەندەن
کێ ئەڵماس نە رووی دیدەی وێش شەندەن (دیوانی مەولەوی، ل٥٣٦-٥٣٧).

لەسەرەتادا زانیاری لەسەر جیاوای نێوان دەستنووسەکان و شێوازی هاتنی وشەکان لەو دەستنووسانە دەخاتەڕوو، ئینجا دێتە سەر لێکدانەوەی مانای وشەکان بەم شێویە: (ڕەند: زیرەک. کەندەن: هەڵکەندووە. ڕێزان: داوەریو. شەندەن: وەشاندووە. واتە: کەس نەڵێ فەرهاد عاشقێکی زیرەک بووە، چونکە توانیوویەتی وێنەی شیرین لەسەر بەرد هەڵکەنێ، یاخوا بەر لەوە عیزرائیل گیانی بکێشێ، دەسی داڕزێ بۆ ئەو ئیشەی کردوویەتی، تا ئێستا کێ ئەڵماسی داوە لە چاوی خۆی ئەگەر ئەو زیرەک ئەبوو لەگەڵ شیرین ئەبوو بەیەک وە وێنەکەی شیرینی بە شەخصی خۆی دا ئەنا و بە ئەڵماس تێی بەر نەئەبوو)(مدریس/دیوانی مەولەوی، ل٥٣٦-٥٣٧). هەروەها ئەگەر بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەیری ئەم نموونەیەش بکەین، کە مەولەوی دەڵێت:

هاڵ بەدهاڵ، بەدەن هاڵـــی و هەواڵە
یانی های چون سەنگ قوللەی قەزاڵە
موارۆ واران خـــەمـــــان پێشەدا
هاڵای سەدای دەنگ تۆ هـــا تێشەدا (مەولەوی، ل٥٣٧).

پرۆسەی کاری هێرمۆنۆتیکای دەقەکە لە "مەلا عبدالکریمی مدریس"، کە خوێنەری شارەزایە بۆ بابەتەکە بەم جۆرەیە، کە لەسەرەتادا بە لێکدانەوەی مانای فەرهەنگی وشە و چەمەکەکان دەست پێدەکات، لەم ڕێگەیەوە تێگەیشتنێکی سەرەتایی دەستەبەر دەکات، ئینجا دەست بە خوێندنەوە و لێکدانەوە مانای دێڕە شیعرەکان دەکات، کە لەم ڕێگەیەشەوە پرۆسەی لێکدانەوەکە تەواو دەکات و کۆدەکان دەکاتەوە و تێگەیشتنێکی باش بۆ خوینەری ئاسایی دەستەبەر دەکات، بەم جۆرەیە (نهاڵ[ئەم وشەیە لە کوێی دەقەکەدایە؟]: حاڵ. هاڵی: خاڵی. هەواڵە: چۆڵ و هۆڵ. موارۆ: ئەبارێ. هاڵای: هێشتا. دوای لێکدانەوەی مانای وشەکان واتای شیعرەکەش بەم جۆرە لێکدەداتەوە: واتە حاڵم بەدحاڵە و لەشم چۆڵ و هۆڵە هێزی تیا نەماوە و وەک بەردی سەر قوللەی قەزاڵە بارانی خەمی لێ ئەبارێ کەچی هێشتا دەنگدانەوەی دەنگی تۆی لێ نەبڕاوە). (مدریس/ دیوانی مەولەوی، ل٥٣٦-٥٣٧). لێکۆڵەر، کە خوێنەری شارەزایە بەم شێوازەی سەرەوە دێڕ بە دێڕ دەقە شیعرەکان کاریان لەسەر کراوە، واتە دوای لێکۆڵینەوەیەکی درێژ لەسەر سەرگوزشتەی دەستنووسەکان و ژیان و نازناو و هۆ و تایبەتمەندی بەشێك لە شیعرەکان، کە لە پێشەکیدا جێگای کراوەتەوە، بەم شێوازە دەست کراوە بە لێکدانەوەی دێڕی شیعرەکان، کە لەڕاستیدا هەر بریتیی نییە لە لێکدانەوە، بەڵکو شیکردنەوەی وشەکان و خستنەڕووی واتای فەرهەنگی وشەکانی لە خۆ گرتووە، دواتر لە فۆرمی شیکردنەوەدا واتای شیعرەکە بەرجەستە دەکرێت و ئینجا هەر لە ناو ئەم واتا لێکدانەوەیە بەپێی پێویست شەرحی دێڕەکە یان بەشێکی دێرەکە دەکرێت دواتر دەبینین، کە بۆچوون و لێکدانەوەی کەسی تێکەڵ دەبێت، بە جۆرێك هەندێك لە دێڕەکان بە چەند جۆرێك مانا دەکرێتەوە و ئاماژە بە چەند مەبەستێکی جیاواز دەکەن لە لێکدانەوەی تاکە دێڕێکدا، ئەگەر لە لێکدانەوەی شیعرەکان وردبینەوە دەبینین، کە مانا کردنەوەکان شێوازێکی مەوسوعی هەیە و فرە ڕەهەندە و چەندین لایەنی لێکۆڵینەوەی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی دەق و لایەنەکانی تری پەیوەست بە خستنەڕووی زانیاری لەسەر دەقەکەی لەخۆ گرتووە، بەمەش ئەم لێکدانەوەیە دەتوانێت ببێتە پردی گەیاندنی خوێنەری ئاسایی بە واتا و قووڵایی دەقە شیعرەکان.

لە زۆرێك لە شیعرەکاندا لێکدانەوەی کەسی لە سنووری مەبەستی خوێنەرایەتی خۆیەوە دێتە پێشەوە، ئەمەش بریتییە لە خوێندنەوەی دەق لە چوارچێوەی مەبەستی خوێنەرەوە، بەم شێوازە لێکدانەوە و مانا کردنەوەیە، کە هەر یەکە لە کاری شەرح کردن و شیکردنەوە لێکدانەوە لەخۆی دەگرێت و بەهۆیەوە خوێنەری ئاسایی بە مانا و مەبەستی دەق و بۆشاییەکانی دەق و مەبەستی شاعیرەکە دەگات.

ئەنجام

1. دەقی ئەدەبی بەپێی ئاستەکەی چەند جۆرێکی هەیە، کە بەشێوە جیاجیا و لە ژێر ناوی جۆراوجۆر باسییان لێوە کراوە، دەقی ئاست باڵا، خۆی لەم جۆرە دەقەدا دەبینێتەوە، کە شێوازێکی بەرزی هەیە لە داڕشتنی بنیاتەکاندا. لەڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە ئاستێکی بەرزی هەیە، بە توانایەکی بەرزی زمانەوانی و هونەری و مەعریفی نووسراوە.
2. دەقی باڵا گوزارشت لە بەرزی ئاست و ئەزموونی شاعیر دەکات، بۆیە بۆشاییەکانی ئەو دەقە لە ڕووی کۆد و دەلالەتەوە، بە ئاسانی بۆ هەموو جۆرە خوێنەرێک خۆی نادات بەدەستەوە، چونکە دەشێت ئاستی دەق بەرزتر بێت لە ئاستی خوێنەر، بەمەش خوێنەری شارەزا دێتە پێشەوە، کە دەبێتە پردی بەیەک گەیاندنی جۆرەکانی تری خوێنەر لەگەڵ دەقی باڵادا.
3. لە ڕووی ئاستەوە شێوازی شیعری مەولەوی، ناسنامەی دەقی باڵا وەردەگرن و بنیاتە پێکهێنەرەکانی وەک: (زمان، بیر، خەیاڵ، سۆز، شیعرییەت، ئارگیومێنت، فرە دەلالەتیی و جوانکاری و چێژی دەق و دەقئاوێزان،.....هیتر)، لە شیعرەکانی مەولەویدا لە چوارچێوەی دەقییەتییەکی ئاستبەرزدا خۆیان دەنوێنن. بۆیە خوێنەری ئاسایی بە پشت بەستن بە ئاستی خۆی مانا و لایەنە شاراوەکانی ئەو دەقانەی بۆ دەستەبەر ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە ناوبژیوانێك هەیە، کە بریتییە لە خوێنەری شارەزا، لەو ڕێگەیەوە خوێنەری ئاسایی دەتوانێت بە بۆشاییەکانی شیعرەکانی مەولەویی بگات.

sjh@univsul.edu.iq

4. عەقیدەی مەرضیە وەک بەرهەمێکی شیعری، کە ئامانجی فیکری هەیە، لە ڕووی هزرییەوە ئاستێکی باڵای هەیە، مەبەستی زانستی لە فۆرمێکی هونەریدا بەرجەستکراوە، چەندین باس و چەمک و بابەتی زانستی شەرعی و عەقیدە و بوارەکانی زانستی کەلام و فەلسەفەی ئیسلامی لەخۆی گرتووە، بەهۆی بەرزی ئاستی مەعریفی دەقەکەوە خوێنەری ئاسایی ناتوانێت بە تەرییی لەگەڵ شیعرەکاندا بڕوات و بە کۆد و نهێنی واتاکانیان بگات، بەڵکو لە ڕێگەی خوێندنەوە و لێکدانەوەی خوێنەری پسپۆڕ و شارەزاوە دەتوانیت تێگەیشتن بە دەست بهێنێت.
5. تایبەتمەندی هزری و هونەری لە شیعرە لیریکییەکانی مەولەویدا بە جۆرێکە کە گونجانێکی تەواو هەیە لە نێوان زمان و خەیاڵ و بیری ورد و هەست و سۆزدا، لێهاتوویی هونەری و جوانکاری لە بەرجەستەکردنی هزر و پەیام و چۆنییەتی بەکارهێنان و شێوازی مامەڵەی شاعیر لەگەڵ بنیاتەکانی شیعردا، چێژ و جوانی و ئاستێکی بەرزیی هزری و هونەری بە دەقە شیعرەکانی مەولەوی بەخشیوە، لێرەدا لێهاتوویی خوێنەری پێویستە بۆ ئەوەی شێواز و چۆنییەتی دروستبوونی ئەو بنیاتە قووڵە بخاتەڕوو.


لیستی سەرچاوەکان
بەزمانی کوردی
ا. کتێب
– خەلیل، د. ابراهیم محموود. (2017) ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، وەرگێرانی: پ.ی.د. محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم. چاپخانەی کارۆ. سلێمانی.
– دەشتی، کەریم. (2013)، ئەدەب و فەلسەفە، چاپی دووەم، چاپخانە ؟ هەولێر.
– بەرزنجی، د. عەلی تاهیر. (2014) چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی. چاپی یەکەم. ئەکادیمیای کوردی. چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
– ڕەزا، ئەحمەد. (2008) لەدەروونشیکارییەوە بۆ لێکدانەوە. چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکراوەی سلیمانی، سلیمانی.
– سجادی، عەلائەدین. (1971) مێژووی ئەدەبی کوردی. چاپی دووەم، چاپخانەی معارف، بەغداد.
– عارف، حەمە کەریم. (2009) پەیڤستانی من. بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
– عومەر، د. موحسین ئەحمەد. (2012) فەرهەنگی ئەدەبی. چاپخانەی حەمدی، سلیمانی.
– عەلی، د. دڵشاد. (1998) بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوی کوردیدا. چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی.
– قطوس، د. بەسام. (2011) دەروازەیە بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ. و: د. محەمەد تاتانی. چاپی یەکەم. چاپخانەی شڤان. سلیمانی.
– مەولەوی: 1386، دیوان، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە: مەلا عبدالکریمی مدرس، چاپی چوارەم، انتیشارات کردستان، سنندج.
– مەولەوی: 1988، عقیدەی مرضیە، شەرح و لێکدانەوە: مەلا عبدالکریمی مدرس. پێداچوونەوە و دارشتنەوە و پێشەکی و پەراوێز: فاتح عبدالکریم، چاپی یەکەم، مطبعە خلود، بغداد.
– مەولەوی: 1991، دیوان، گۆڕینی بۆ سۆرانی: محەمەد ئەمینی ئەردەلانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، مطبعە منیر، بغداد.
ب. گۆڤارەکان:
– فەتاح، م. ی. ڕزگار عمر. (2015) چێژی دەق لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە 4.
– حمە أمین، پ.ی.د. عبدالقادر. (2013) بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. بەشی B. ژمارە 40.
– سەجادی، د. بەختیار. (2013) وەرگێرانی چەمك و زاراوە ڕەخنەیی و تیۆریکەکان. گۆڤاری ڕامان. ژمارە188. هەولێر.
ج. نامەی ئەکادیمی:
– ابراهیم، محمد عبدالکریم. (٢٠٢٣) ئارگیزمێنتی وێنەی شیعریی لە ڕوانگەی خوێنەرەوە کوردیی ناوەڕاست، نامەی دکتورا، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە.
– قادر، عەباس محەمەد. (2022) تیۆری وەرگرتن و ڕەخنەی شیعری کوردی، نامەی دکتورا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، بەشی زمانی کوردی.
– عبید، ئەرخەوان محمد. (2013) ئاوێتەبوون و لێکدانەوە شیعری نالی بەنموونە. نامەی ماستەر، هەولێر زانکۆی سەلاحەددین. کۆلێژی زمان.
دووەم: بەزمانی عەرەبی
ا. کتێب
– ابو زید، نصر حامد. (1999) اشكاليات القراءة واليات التأويل. طبعة الخامسة، ؟: المركز الثقافي العربي.
– امبرتو إيكو. (١٩٩٦) القارئ في الحكاية التعاضد التأويلي في النصوص الحكائية. ترجمة: أنطوان أبوزيد. طبعة الاولى. لبنان: المركز الثقافي العربي الدار البيضاء.
– باجو، دانييل هنري. (1997) الادب العام والمقارن. ترجمة: د. غسان السيد. طبعة الاولى. دمشق: منشورات اتحاد كتاب العرب.
– الرويلي، د. ميجان ـ البازعي، د. سعيد. (2000) دليل الناقد الادبي. طبعة الثانية. بيروت: دار البضاء.

- زنياك، زتسيسلاف واور. (2003) مدخل الى علم النص مشكلات بناء النص. ترجمة: أ. د. سعيد حسن بحيرى. طبعة الاولى. القاهرة: مؤسسة المختار للنشر والتوزيع.
- فانسان جوف. (٢٠٠٤) الأدب عند رولان بارت، ت: د. عبد الرحمن بو علي، طبعة الاولى: سورية، دار الحوار، اللاذقية.
- محمد، عبد الناصر حسن (١٩٩٩) نظرية التوصيل و قراءة النص الأدبي، طبعة الاولى.قاهرة، المكتب المصري لتوزيع المطبوعات.
- ميكل ريفاتير. (١٩٩٣) معايير لتحليل الاسلوب، ترجمة: د. حميد الحمداني، طبعة الاولى. ؟: دار النجاح الجديدة البيضاء.
- ياوس، هانس روبرت. (2004) جمالية التلقي. ترجمة: رشيد بنحدو. طبعة الاولى. مصر: منشورات المجلس الأعلى للثقافة بمصر.

ب. گۆڤارەکان

- ابرير: بشير. 1995، السيميائية وتبليغ النص الادبي، مجلة منهل، العدد534.
- خرماش، د. محمد. (1999) مفهوم القارئ وفعل القراءة في النقد الأدبي المعاصر. مجلة الإسلام، أ.5، السنة 34.



**Abstract**

The above title is a study of the deep foundations and level of Mawlawi's poems, such as how he sees himself in relation to the reader and the types of readers.

Literature finds itself in the triangle (poet-text-reader). The skills, cognitive and artistic background of the poet affect the nature of the text, the components of poetry, the structure and level of the text , which is the type of reader and the level of the reader. Often, due to the mismatch between the levels of the text and the level of the reader, reading is not productive. From the perspective of receiver response theory, reading must have other consequences and produce new reading and understanding To interpret texts and solve the problem of levels.

In this study, Mawlawi's poetry is generally referred to as a high-level text, which has been worked on by expert readers in order to reach the ordinary reader. This research consists of two main parts. The first part theoretically discusses the structure of literary texts, levels and types of texts, types of readers and tools for understanding poetic texts. The second part discusses the characteristics of the deep structure of Mawlawi's poetry text, then the reading of the deep structure of Mawlawi's poetry by an expert reader is discussed and then the ways of understanding the ordinary reader in Mawlawi's poetry are discussed. As a result, it has been shown that the ordinary reader accesses the gaps in the texts through the productive reading of the expert reader. Finally, the sources are listed in Arabic and Latin alphabet.



**Keywords:** Text structure, expert reader, interpretation, deep text, ordinary reader.


–